https://doi.org/10.54809/jkss.vi4.245

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# گەشەکردنی چینی ناوەند لە باشووری کوردستان (١٩٢١-١٩٦٨)

هونەر رۆستەم فەتاح

پ.ی. د.هیوا عەزیز سەعید

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

## پوختە

بەو پێیەی لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا چینی ناوەند بزوێنەری گەشەسەندنە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و تەکنەلۆژییەکانی جیهان بووە، هەروەها بەهێزیی و فراوانی چینەکە پێوەری پێگەیشتوویی گەلان بووە، لەو سۆنگەیەوە، چینی ناوەندی کوردییش لە باشووری کوردستان، ئەگەرچی دەیان ساڵ درەنگتر لە چاو گەلانی تری خاوەنی دەوڵەتی ناوچەکە سەریهەڵدا و لە دوای درووستبوونیشی ماوەیەکی زۆر بە سستیی و لاوازیی مایەوە، بەڵام بە دەرکەوتن و فراوانبوونی چینەکە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە (١٩٢١)، چالاکانە و دڵسۆزانە و بە پێی ئەو توانا سنووردارەی هەیبووە، رۆڵێکی مێژوویی گێڕاوە لە گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکانی مێژووی کورد دا.
بە پەیڕەوکردنی میتۆدی شیکاریی و خستنەڕووی بابەتەکان، توێژینەوەکە بە ئامانجی تیشکخستنە سەر دەرکەوتن و گەشەسەندنی چینی ناوەندی کورد و رۆڵە ئابووریی و سیاسیی و کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکەی لە مێژووی کورد دا، هەر بۆیە توێژەر ئەو ئەنجامەی زۆربەی جووڵە مێژووییەکانی کورد و رووداو و گۆڕانکارییەکان لە سەدەی بیست دا لەلایەن ئەم چینەوە جێبەجێکراوە، کە لە چوارچێوەیدا چەندین توێژ و دەستە و گرووپی نوێ خەملیون، تایبەتیی توێژی رۆشنبیران و خوێندەوارانی ناو چینەکە گەورەترین رۆڵیان هەبووە، سەرباری کەشێکی دواکەوتوویی و بێ دەوڵەتیی و لەسایەی ژێر دەستەییدا، توانیوویەتی لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم گەلەکەی لە توانەوە و چوونە دەرەوەی مێژوو بپارێزێت.
لەو میانەیەدا کارەکتەرە دیارەکانی ئەم چینە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢١ تا ١٩٦٨) سەرکردایەتی خەباتی نەتەوەیی و رۆشنبیریی و رۆژنامەگەریی وپارتایەتیی و راپەڕینە جەماوەریەکانیان گرتووەتە ئەستۆ و توانیویانە دەیان دەستکەوتی مێژوویی بۆ گەلەکە بە دەستبهێنن.

**کلییلە ووشەکان: چینی ناوەند ، کورد ، باشووری کوردستان، ململانێی چینایەتیی، کۆمەڵگای کوردییی**

Recieved: 6/2/2023
Accepted: 8/4/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەکردن و گۆڕانکاریی لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەرئەنجامی ململانێی چینەکانە، هەر بۆیە ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی و ڕۆشنبیرییەکان، قسەکردن لەسەر چینەکان و درووستبوونیان و کاریگەرییان لە ڕەوتی مێژووی گەلاندا، هەمیشە پانتاییەکی فراوانی لە کایەی ڕۆشنبیریی داگیرکردووە. چینی ناوەندیش وەک یەکێک لەو بونیادە کۆمەڵایەتییانەی پێوەری کامڵبوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەیە، لەنێو توێژینەوە ئەکادیمیی و زانکۆییەکانی جیهاندا بایەخێکی زۆری پێدراوە. هاوکات بابەتێکی گرفتئامێز و پڕجیاوازیی نێوان توێژەر و لێکۆڵیارانە، کۆڵینەوەی جۆراوجۆر و میتۆدی کایە جیاجیاکانی نێو زانستە مرۆڤایەتییەکانی لەگەڵ تاقیکراوەتەوە، چونکە ئەم چەمکە بونیادی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هەیە، کە دواجار ڕەهەندیی سیاسیی و فیکریی و تەنانەت جیۆگرافیشی وەرگرتووە.

لەم سۆنگەیەوە کۆڵینەوە لە دەرکەوتن و گەشەسەندنی چینی ناوەند لە کۆمەڵگای کوردیی و بە تایبەت لە باشووریی کوردستان، هەنگاوێکی گرنگ ئەبێت لە تێگەیشتنی مێژووی باشووری کوردستان، لێرەوە (کات و چۆنییەتیی سەرهەڵدانی چینی ناوەند لە کوردستان و ڕۆڵە سیاسیی و ئابوورییەکانی) پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەن، کە توێژەران بە میتۆدێکی مێژووی شیکاری بابەتەکەیان خستۆتەڕوو.

ئامانجی توێژینەوەکە، تیشکخستنە سەر دەرکەوتن و گەشەسەندنی چینی ناوەندی کورد و ڕۆڵە ئابووریی و سیاسیی و کولتوریی و کۆمەڵایەتییەکەیەتی، چونکە جگە لە چەند هەوڵێکی بەرایی، لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمیدا لێی نەکۆڵراوەتەوە، لە کاتێکدا زۆربەی جووڵە مێژووییەکانی کورد و ڕووداو و گۆڕانکارییەکان لە سەدەی بیستدا، لەلایەن ئەم چینەوە جێبەجێکراوە، کە لە چوارچێوەیدا چەندین توێژ و دەستە و گرووپی نوێ خەملیون، هەر بۆیە توێژینەوەی لەم جۆرە کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردیی پڕئەکاتەوە. سنوری توێژینەوەکە لە (١٩٢١-١٩٦٨)ە، کە تەنها باشووری کوردستانی کردووەتە ئامانج هاوکات بەهۆی سرووشتی بابەتەکەوە کە سۆسیۆ - مێژوویییە، میتۆدیی شیکاریی و خستنەڕووی تێدا پەیڕەوکراوە.

جگە لە کورتەیەک لە سەر چێوەی تیۆری، هەوڵدراوە بابەتەکە لە سێ باسدا بخرێتەڕوو، بە شێوەیەک باسی یەکەم سالانی (١٨٥٠-١٩٣٠) دەگرێتەوە و تێیدا باس لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەو چینە و بەشدارییە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکان کراوە. لە باسی دووەمدا (١٩٣٠-١٩٤٥) ئاماژە بۆ فراوانبوونی چینەکە و هاتنە کایەی سیاسیی و خەباتی نەتەوەیی کراوە، لە باسی سێیەمیش تیشکخراوەتە سەر گەورەبوونی چینەکە و گرتنە دەستی تەواوەتی جڵەوی ڕووداوەکان و هەوڵە ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگای کورد.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەش پشت بە سەرچاوەی کوردیی و عەرەبی و فارسی و ئامارە فەرمییەکانی عێراق و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاواز بەستراوە، هەوڵدراوە لە چوارچێوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا کەتوارە مێژوویییەکە لێکدرێتەوە، لە نێو سەرچاوەکاندا چەند دانەیەکیان بەهۆی وردیی و نزیکیان لە بابەتەکەوە زۆرتر سودی لێبینراوە ئەوانیش، هەر سێ سەرچاوە (ئازا حەسیب: بزاوتی کۆمەڵایەتیی و کێشە و ئاماژەکانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا) و (محەمەد شوانی: سۆسیۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکان) و (هیوا عەزیزسەعید: ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠ -١٩٥٨).

توێژینـەوە لـە چینـی ناوەنـد بـێ گرفـت و بەربەسـت نییـە، لـە بەرئـەوەی کۆمەڵـگای کوردیـی بـە درێژایـی مێـژووی نـوێ و هاوچـەرخ ژێردەسـتە و داگیرکـراو بـووە، خاوەنـی سـەروەریی نەبـووە، هـەر بۆیـە چینـە کۆمەڵایەتییەکانیـش بـە شـێوەیەکی سرووشـتی گەشـەیان نەکـردووە و سنورەکانیان روون نیـن و تـا ئێسـتاش کایـەی مەعریفـی و مێژوویـی و کۆمەڵناسـی کـورد هیـچ بیرمەندێکـی دیـاری بەرهەمنەهێنـاوە کـە خاوەنـی تیۆرییەکـی کوردانـەی خـۆی بێـت، لەبەرئـەوە نەبوونـی سـەرچاوەی تایبەتمەنـد و زانسـتی لـەم بارەیـەوە، گرفتـی دیـاری توێژەربـووە.

## تیۆریی توێژینەوەکە:

یەکەم- چینی کۆمەڵایەتیی:

زانایـان لـە وەڵامـی (چینـی کۆمەڵایەتیـی چییـە؟)، پێناسـەی جۆراوجـۆرو فرەیـان هەیـە، لەبەرئـەوە بـە پێـوەری جۆراوجۆریـش کاریانکـردووە. لـە رەهەنـدە کۆمەڵایەتییەکـەوە (جۆزیـف شـومبیتەر) چینـەکان وەک گرووپـی (کەتواریـی – واقعـی) نـەک کۆمەڵێـک تاکـی جیـاواز وێنائـەکات. کـە بونیادێکـی کۆمەڵایەتیـی تایبـەت و زینـدووە و هەسـت بـە بوونـی خـۆی ئـەکات، بـەم پێودانگـە تاکەکانـی نـاو یـەک چیـن ئاگاهیـان بـە پێگـەی چینایەتـی خۆیـان هەیـە (ابـو الهیـل، ٢٠١٤،١٣) . لای (تاڵکـۆت پارسـۆنز)یش چیـن مانـای پۆلێنکردنـی تاکەکانـی کۆمەڵگەیـە لەئاسـتی بـەرز و نزمـدا بـە پێـی بەهـا کۆمەڵایەتیـەکان. یـان لـە چوارچێـوەی کولتـوری هاوبەشـدا تاکـەکان بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجەکانیـان کارلێکـی کۆمەڵایەتـی لـە نێوانیانـدا درووسـتدەبێت (شـوانی ،٢٠١٢، ل٤٢).

لـە رەهەنـدە ئابوورییەکـەوە چیـن لای (کارل مارکـس) کۆمەڵـە خەڵکێکـن بـە پەیوەندییـان بـە ئامرازەکانـی بەرهەمهێنانـەوە دەناسرێـن. لـە کاتێکـدا ماکـس ڤێبـەر چیـن وەک کۆمەڵێـک تـاک کـە هەمـان پێگـەی چینایەتـی و هەڵوێسـت و ئاراسـتەی بیرکردنەوەیـان هەیـە وێنائـەکات، واتـە لـە چینـدا هاوهەڵوێسـتی بنچینەیـە، جیـاوازی دەکات لـە نێـوان چینـی خاوەنـدار لەسـەر بنەمـای دابەشـکردنی خاوەندارێتـی، لەگـەڵ چینـی رەنجـدەران کـە بـە ئاسـتی قۆسـتنەوەی هەلـەکان جیادەکرێنـەوە، بۆیـە لای ڤێبـەر چیـن جیـاوازە لـە چینایەتـی، چینایەتـی هەلـی بەدەسـتهێنان و دەستبەسـەراگرتن و دابەشـکردنی سـامانە، بـەڵام چیـن بنەمـای هەڵوێسـت و رەفتـاری هاوبەشـە (شـوانی ،٢٠١٢، ل٣٩) . واتـە ڤێبـەر جگـە لـە هـۆکارە ئابوورییـەکان، ئایدیۆلۆژیـاش بـە هـۆکاری دابەشـبوونی کۆمەڵگـە دادەنێـت، چونکـە پیاوانـی ئاینـی و سیاسـەتمەداران و زانایـان هیـچ سـەرمایەیەکیان بـە تێگەیشـتنە مارکسـیەکە نییـە. واتـە خاوەنـی کەرەسـتەی بەرهەمهێنـان نییـن، بەڵکـو پاشـخانە فیکریـی و مەعریفـی و ئایدیۆلۆژییەکـە رۆڵ و پێگـەی لەنێـو رووداو و گۆڕانکارییـەکان پێبەخشـیوون.

بۆردیـۆ سـەرمایەی کولتووریـی تاکـەکان ئەکاتـە پێـوەری جیاکردنـەوە و ریزبەندیکردنـی چینـەکان، ئـەوەش ئەکاتـە خاڵـی ناسـینەوەی ئاسـتی چینایەتـی تاکـەکان. لێـرەوە ئـارەزوو و مەیـل و خولیـای کەسـێکی ئـەرستۆکرات یـان بۆرژوازێکـی بـاڵا لـە کەسێکی چینـی ناوەنـد یـان چینـی کرێـکار یـان خـوارەوەی کۆمەڵگـە جیـاوازە، واتـە ئـەم جـۆرە لـە سـەلیقە و بەکاربردنـی کاڵاکان ئەبێتـە ناسـنامەی ئـەو مرۆڤانـە لەلایـەن دەوروبەرەکانیانـەوە (مقـدم فـر، ١٣٩٨، ص١٢٤).

واتـە پێـوەری ناسـینەوەی چینـەکان زیاتـر لـە رەهەنـد و دیوێکـی هەیـە، کـە دەشـێت بونیـاد و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان یـان شـێوازی کار و بەرهەمهێنـان و سـەرمایەی ئابووریـی یاخـود باکگراونـدە ئایدیۆلۆژیـی و رۆشـنبیریی و مەعریفییەکـەی بێـت، یاخـود هەمـوو ئەمانـە پێکـەوە و بـە ئاسـت و ئەنـدازەی جیـاواز رۆڵیـان لـە پێناسـە و شـکڵبەندیی چینـەکان هەبێـت، کـە دواجـار سـیما و شـێوازی ژیـان و چێژوەرگرتـن بـەوەی هەیەتـی، دەبنـە وێنـای دەرەوە و رووکاری ناسـەرەوەی چینـەکان.

دووەم - گرووپی کۆمەڵایەتیی (الفئة الاجتماعية):

گرووپـی کۆمەڵایەتیـی (پیشـە)یەکی تایبەت کۆیانئەکاتەوە و پێکەوەیان دەبەسـتێتەوە، وەک: مامۆسـتایان و ئاسـنگەران، یاخـود جـۆر و بـڕی (داهـات) ئەبێتـە بنەمـا، وەک: گرووپـی خـاوەن موڵکـەکان (جورفتـش، ١٩٦٨، ل١٦٢). کەواتـە گرووپـی کۆمەڵایەتیـی بنەمایەکـی هاوبەشـی پیشـەیی یاخـود بـڕی داهـات سـنوربەندی ئـەکات و دەیکاتـە بەشـێک لـە چیـن، لەبەرئـەوە زیاتـر لـە گروپێـک لـە چوارچێـوەی یـەک چینـدا پۆلێندەکرێـن.

سێیەم - توێژی کۆمەڵایەتیی (الشريحة الاجتماعية):

(شریحـة - توێـژ) دەسـتەیەکی دیاریکـراون، هاوپیشـە و نزیـک لـە یەکـتر لـە رووی داهـات و پێگـە و پایـەی کۆمەڵایەتییـەوەن (شـوانی، ٢٠١٢، ل٣٠). واتـە کەسـانێکن هەمـان پێگـە و ئاسـتیان لـە پرۆسـەی پلەبەندیـی چینایەتیـدا هەیـە، وەک توێـژی: کرێـکاران، بەکاربـەران و جوتیـاران.

چوارەم - چینی ناوەند:

چەمکـی چینـی ناوەنـد لـە توێژینـەوە سیاسـیی و ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی و هزرییەکانـدا زۆر بـڵاوە، بـەڵام تـا ئێسـتا توێـژەران لەسـەر پێناسـەیەک یەکدەنـگ نیـن. ئـەم چینـە سـنورەکانی بـە تـەواوی روون نیـن و سـەرجەم گروپەکانـی بازرگانـە بچوکـەکان و خـاوەن موڵکـە بچوکـەکان و ئەفسـەرانی پلـە نـزم و فەرمانبـەران و خوێنـدکاران و مامۆسـتایان و رۆشـنبیران و خـاوەن پیشـە جیـاوازەکان لـە شـارەکاندا دەگرێتـەوە، هـەر بۆیـە بەشـێک لـە توێـژەران نـاوی دەنێـن کۆمەڵـەی چینـی ناوەند(حسـن، ٢٠١٥، ل١٤٩).

توێـژەران لـە گۆشـەنیگای زانسـتەکانی خۆیانـەوە پێناسـەی ئـەم چەمکـە دەکـەن، ئەمـەش بـۆ پێـوەرە کلاسـیکییەکانی دیاریکردنـی چیـن دەگەڕێتـەوە، لـە خاوەنێتـی هۆکارەکانـی بەرهەمهێنـان و هۆشـیاریی چینایەتیـی و توانـای درووسـتکردنی رێکخسـتنی سیاسـیی، بـەڵام ئەمانـە بەسـەر چینـی ناوەنـدا جێبەجـێ نابێـت، چونکـە ئـەم چینـە هەڵگـری سـیفەتەکانی چینـی کرێـکارە لـە نەبوونـی خاوەنێتـی هۆکارەکانـی بەرهەمێنـان و فرۆشـتنی هێـزی کار، لەهەمـان کاتـدا لـە رووی بەشداریکردنی بـە پلـەی جیـاواز لـە بەڕێوەبردنـی سـەرمایە و کۆنترۆڵکردنـی کاردا هەڵگـری سـیفەتەکانی چینـی باڵایـە (رومـان، ٢٠٠١، ص١٣). بۆیـە بونیـادی چینـی ناوەنـد لـە رووی پێگـەوە بـۆ سـێ توێـژی سـەرەکی دابەشـکراوە، توێـژی ناوەنـدی بـاڵا و توێـژی ناوەنـدی ناوەڕاسـت و توێـژی ناوەنـدی خـوارەوە. زۆربـەی ئـەم توێژانـە لەسـەر کاری فەرمانبەریـی و رۆژانەیـی دەژیـن و زۆربـەی ئەندامەکانـی ئـەم چینـە لـە بوارەکانـی خۆیانـدا خوێنـدەوار و شـارەزان، لەبەرئـەوە ئەوترێـت لـە هـەر کوێیـەک چینـی ناوەنـد زیادبـکات، ئـەوا گەشـەکردن هەیـە، چونکـە پسـپۆڕێتی ئەندامەکانـی ئـەم چینـە لـە بوارەکانـی زانسـتی فـرە جـۆرن: سـەربازیی، تەکنەلۆژیـی، تەنـدروو

ستیی،ئەندازیاریی،بازرگانیی، فەرهەنگی، کارگێڕیی. جگە لەوەش تاکەکانی ئەم چینە تایبەتمەندیی هۆشیاریی و هەستیی رەخنەییان بەهێزە (عبدللە ،٢٠٠٠، ص٨٨).

زانایانی کۆمەڵناسی گروپەکانی چینی ناوەند لە: خاوەن کارگە و بازرگانە بچوکەکان و خاوەنکارە سەربەخۆکان و پیشەگەرەکان(جورفتش، ١٩٦٨،ل٢٢٢) و دەستەبژێری رۆشنبیر و پزیشکان و ئەندازیاران و پارێزەران و مامۆستایان و نوسەران و گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت و ئەفسەران و بەشێک لە کرێکارانی تەکنیکی و خاوەن داهاتی سنوردار دەبینن (محمود،٢٠٢٠). ئەم گروپانە لە هەمانکاتدا هەندێکییان خاوەنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانن و هەندێکیشیان بە کرێ و موچە کاردەکەن (جورفتش، ١٩٦٨،ل٢٢٢).

(سی رایت میلز) بە (یەخە سپییەکان) ناویناون، کە بە قازانجی پێگەی خۆیان سود لە پێگە دژبەیەکەکانی نێوان چینەکانی تر وەردەگرن و کار لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان دەکەن، بەڵام کۆنترۆڵی تەواوەتیان لە دەستدا نییە (جوادی، ١٣٩٩، ص١٤١). لە ئەنجامی ئەوەی خاوەنشارەزاییی و پسپۆڕین لە هەردوو کەرتی تایبەت و حکومیدا کاری شایستە دەکەن و ئارەق ناکەنەوە و یەخەکانیان چڵکن نابێت، بەڵکو هەر بە سپێتی دەمێنێتەوە. میلز بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بەدرێژایی سەدەی رابردوو سامانی چینی ناوەند رووی لە کەمی بووە، لە جەنگی جیهانیی دووەم بە دواوە ئەم چینە بێکار بوون، بەڵام رووکاری دەرەکییان بەتایبەتیی جلپۆشین و شێوازی ژیان و ئاستی خوێندن و وابەستەیی نەتەوەییان پێگە کۆمەڵایەتییەکەیانی هێشتۆتەوە (موحسنی، ب،س، ل٢٤٠). پێوەرەکانی دیاریکردنی چینی ناوەند جۆراوجۆرن، هەندێک پێوەری داهات و هەندێک ئاستی خوێندن و بڕوانامە یان پیشە یان بە تێکەڵی دەکەنە پێوەر(رومان، ٢٠٠١، ص١٣). واتە تاکەکانی چینی ناوەند لە جۆرێکی باشی پەروەردە و داهات بەهرەمەندن، لە رووی ئابووریی و داهاتەوە لە ناوەڕاستیی هەرەمی پلەبەندی تاکەکانی کۆمەڵگەدان، خاوەنی گوزەرانێکی باشن دەتوانن بەو بڕە داهاتەی هەیانە پێداویستییەکانی خۆیان بەدەستبهێنن.

## باسی یەکەم - سەرەتاکانی درووستبوون و مەیینی چینی ناوەند (١٨٥٠-١٩٣٠):

پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی لە کوردستان سرووشتی نەبووە، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دەرەبەگایەتی وەکو پێویست لەکاتی خۆیدا نەخەملێن وکۆتاییان نەهاتووە. لە کوردستاندا داگیرکاریی لە گەشەکردنی سەرمایەداریی وبازرگانیی و فەرهەنگیی رێگربووە. ساڵانی ١٨٥٠ تا ١٩٣٠بازرگانیی و پەیدابوونی بازاڕ گەشەیانکرد، کۆمەڵە و رێکخراوە نەتەوەیی و رۆشنبیرییەکان پێکهاتن، چەندین سیمای نەتەوەیی کورد دەرکەوتوون (قانیع، ٢٠٠٥، ل٤٢)، لەگەڵ تێکەڵبوونی گەلانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بە وڵاتانی سەرمایەداریی و هاتنی سەرمایە و هەژمون و کولتووری ئەو وڵاتانە بۆ رۆژهەڵات، زەمینەی پێکهاتنی توێژەکانی: «وورده بازرگان، دوکانداران، پیشەگەران، خوێندەواری شاریی، فەرمانبەرانی دەوڵەت، مامۆستا و نوسەر، پلەدار و ئەفسەرانی سوپا، مامۆستای ئاینی، پشکداری کۆمپانیاکان، خاوەن چاپەمەنی و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە ... تاد» بوون (شوانی، ٢٠١١، ل٣٥-٣٦). واتە سەرەتاکانی چینی ناوەندی کۆنیان پێکهێناوە.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە گۆڕانکارییە ئابوورییەکان بە ئاشکرا دەرکەوتن، سیستمی دەرەبەگی روو لە هەڵوەشان بوو، پەرەسەندنی سەرمایەی بازرگانیی، بازرگانیی چالاکتر و فروانترکرد و چینی بازرگان و کاسبکاری

دەوڵەمەند دەرکەوتن، هەر چەندە ژمارەیان کەمبوو بەڵام پێکهێنەرە سەرەتاییەکانی چینی ناوەند بوون (سەعید، ٢٠٠٦، ل١٤٩) (جلال الطالبانی، ١٩٦٩، ص٧٣).

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە،بازرگانیی هەر سێ ویلایەتی (موسڵ، بەغدا، بەسرە) فراوانبوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوەبینی، بە تایبەت لە ساڵی ١٨٧٠ هەر سێ ویلایەتەکە بە پێی یاسای ویلایاتی عوسمانی پێکەوە بەسترانەوە، لێرەوە شارەکانی ویلایەتی موسڵ لەو ساڵاندا چالاکی بازرگانیی بە رێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد، بەڵام رێژەی زۆری بازرگانەکان جولەکە و ئەرمەن بوون، بازرگانی کورد پلەی دووەمی هەبوو (ئاکۆ شوانی، ٢٠٠٢، ل٤٤-٤٥)

ئەم چینە لەشارەکاندا بوون، جۆرێک لە ململانێی چینایەتیان لەگەڵ چینی باڵای میرەکان و شێخەکان هەبووە، لەسەردەمی بابانەکاندا لە سلێمانی بۆرژوازەکان لە دەرەوەی چینەکەی خۆیان چاوەڕێی یارمەتیدەرێک بوون بۆ ئەوەی لە ستەمی چینی دەسەڵاتدار رزگاریان بکات، کاتێک مەولانا خالیدی نەقشبەندیی لە سلێمانی دەرکەوت، ململانێیەکی کۆمەڵایەتیی و چینایەتیی لە بەرگێکی ئاینیی دا درووستبوو، کە میرەکانی بابان و شێخ و مەلا لایەنگرەکانیان بەرەیەکیان پێکهێنا، مەولانا خالید و شوێنکەوتوانی و زۆربەی بۆرژوا و بازرگان و کاسبکاری شار نوێنەری بەرەکەی تر بوون، بۆ هەلێک گەڕاون هەتا لە میرانی بابان بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش هاریکارییان لەگەڵ هێزی دەرەکیی کردووە، لەبەرئەوە (سالم)ی شاعیر کە نزیک بووە لە بابانەکانەوە، لە شیعرێکدا چینی کاسبکار و و بازرگان و خاوەنکارەکانی ناو بازاڕ بە شەڕانگێز ناودەبات و بەهاوکاری تورک بۆ رووخانی بابانەکان پەسنئەکات (جەعفەر، ٢٠٠٦، ل٩٣)، دەڵێت:

**لە ئەصلا بانی ئەم کارە کاسبهای شەهریبون**

**لە ئەمری فیتنە ئەنگێزە سەرانسەر میثلی مەردانن**

**لە ئەوضاعی سلێمانی ئەوانە شاد و ئاسودەن**

**لە فەرعا نوطفەی حەیزن لە ئەصلا جنسی شەیتانن**

**گەهی هەمدەردی ئەکرادن، گەهی هەمعەیشی ئەتراکن (ساحێبقران، ١٩٧٣، ل٣٣)**

پاش هەرەسی دەسەڵاتی بابانیش، بۆرژوازی کورد خاوەنی ئەزمونێکی دەوڵەمەند و رێکخستن و هێزی رێکخراوی خۆی نەبوو، تا هەلی لەناوچوونی بابانەکان بقۆزێتەوە، بەڵکو شێخەکان وەک گروپێکی ئاینی و کۆمەڵایەتیی کەلێنەکەیان پڕکردەوە (جەعفەر، ٢٠٠٦، ل٨٢).

لەلایەکی ترەوە خزانی دەسەڵاتی ئەوروپایی بۆ ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانیی، رێگەی بۆ بونیادنانی بازاڕ خۆشکرد، رێژەیەکی بەرچاو لە بیانییەکان لەم بازاڕانەدا بازرگانییان ئەکرد، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، پەیوەندییەکانی بازاڕ پەرەیانسەند و شارەکان سیمایەکی شارستانیتریان وەرگرت، جیاوازی چینایەتیش خێراتر بوو، چونکە پەرەگرتنی بازرگانیی و دراو و سود و موڵکداری زەویی، سەرمایە و بزاوتی کۆمەڵایەتییان لە شارەکان درووستکرد (سەعید، ٢٠٠٦، ل١٥١)، بەو هۆیەشەوە چینێکی تازە لە وردە بازرگان و بۆرژوازی تازەپێگەیشتوی کورد سەریهەڵدا، کە لەنێوان بازاڕەکانی کوردستان و شارەکانی تری عێراق و بازاڕە جیهانییەکاندا نێوەندگیربوون ( الطالبانی، ٢٠٠٩، ص٥٧)، هەروەها لە ئەنجامی ئەو جیاوازییە چینایەتیەدا

بەشـێک لـە جوتیـاران وەک بـازرگان و خاوەنـکار دەرکەوتـن (قاسـملۆ، ٢٠١٢، ل١٣٦-١٣٧).

ئـەم چینـە هـەر لـە کایـە ئابوورییەکانـدا چالاکنەبـوون، بەڵکو لـە کایە سیاسـییەکەش جموجوڵیـان هەبووە، دەسـتەیەک بـازرگان و فەرمانبـەر و رووناکبیـر لەسـەرەتادا وەک ئۆپۆزسـیۆن کاریـان کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٠٨ بـۆ یەکەمجـار لـە شـاری سـلێمانی لقێکـی کۆمەڵـەی ئیتحـاد و تەرەقیـان کردووەتـەوە (جەعفـەر، ٢٠٠٦، ل٩٣).

بـازرگان و کاسـب و خـاوەن کۆگاکانـی نـاو بـازاڕی شـارەکان لـە سـاڵی ١٩٠٢، بـۆ مـاوەی یـەک مانـگ مانیـان گرتـووە، ١٠٦ بـازرگان و خەڵکانـی دیـاری سـلێمانی سـێ بروسـکەی ناڕەزاییـان بـە واژۆکـراوی، رەوانـەی سـوڵتانی عوسـمانی کـردووە و داوای ئازادیـی و دادپەروەریـی و رزگاربوونیـان لـە دەسـتی کاربەدەسـتە خراپەکانـی عوسـمانی کـردووە (بابـی لالـۆ، ٢٠٠٤، ل١٣-١٤). ئەمـەش بـۆ ئـەو زەمەنـە جێگـەی تێڕامانـە، ئەوتریێـت لـە دوای راپەڕینـی سـاڵی ١٨٨١، دووەم مانگرتنـی بـازرگان و کاسـبکاران بـووە، کـە پێـش راپەڕینـی شەشـی ئەیلولـی ١٩٣٠ بـوون، کـە بـە یەکـەم جووڵانـەوەی سیاسـیی چینـی ناوەنـدی شـار ناوزەدکـراوە (جەعفـەر، ٢٠٠٦، ل٦٧).

لەبـەر کەمـی ژمارەیـان و بچوکـی شـارەکان و کەمـی بزاوتـی کۆمەڵایەتیـی، تـا چارەکـی یەکەمـی سـەدەی بیسـت جووڵـە و چالاکییەکانـی ئـەم چینـە لـە شـارەکانی سـلێمانی و هەولێـر و کەرکـووک سـنوردداربوو (ئەسەسـەرد، ٢٠١١، ل١٠٩)، نەبوونـی یەکدەنگـی و بەرژەوەندیـی هاوبەشـی نێـوان بـازرگان و پیشـەگەر لەگـەڵ پیاوانـی ئاینـی، هێـزی ئابووریـی بـازاڕ و رۆحانییەتـی ئایـن وەک دوو کایـەی جیـا لەیەکـتری مابوونـەوە و تێکـەڵ نەبووبـوون، بەشـێک لـە پیاوانـی ئاینـی لـە ژێـر سـایەی تەریقەتـە دەسـەڵاتدارەکانی ناوچەکـە، کـە لەلایـەن چینـە باڵاکـەوە سـەرکردایەتی دەکرا، خۆیـان مەڵاسـدابوو. ئـەم دۆخـەش تـەواو پێچەوانـەی دۆخـی کۆمەڵایەتیـی گەلانـی هاوسـێی کوردسـتان بـوو، لـەو قۆناغـەدا لـە ئێرانـی سـەردەمی قاجاریـدا بازرگانانـی شـارەکان و وردە موڵدارەکانـی زەویـی و خـاوەن کۆگاکانـی بـازاڕ و شـوێنی پیشـەگەرەکان، کـە گرنگتریـن پایەکانـی چینـی ناوەندیـان پێکهێنابـوو، چینـی ناوەنـد سـەرچاوەی سـەرەکی دارایـی دەزگای ئاینیـی شـیعەیان پێکهێنـاوە. هـەر بۆیـە چینـی ناوەنـد بـە پیاوانـی ئاینـی و گوتاربێـژی مزگەوتـەکان و فەقـێ و قوتابـی پەیمانـگا ئاینییـەکان و گـەورە و بچوکـی رۆحانییەکانـەوە پەیوەسـتبوو، کـە لـە رووی کۆمەڵایەتییـەوە زۆر سـەختبوو بـازاڕ لـە مزگـەوت جیابکرێتـەوە، بـە تایبـەت کـە زەکات (پێنـج یـەک) راسـتەوخۆ دەڕۆشـت بـۆ پیاوانـی ئاینـی، بۆیـە هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان لـە دەسـەڵاتی ناسرەدیـن شـا (١٨٤٨-١٨٩٦) و موزەفەرەدین شـا تـا شۆڕشـی دەسـتوری کەوتنـە دژایەتـی دەوڵەتـی قاجـاری، دوژمنایەتـی قاجارییـەکان رێگـەی بـۆ هاوپەیمانـی سـتراتیجی نێـوان توێژەکانـی چینـی ناوەنـد و پیاوانـی ئاینـی خۆشـکردبوو (سەردەشـتی، ٢٠١٠، ل٧-١٠). ئەمـەش دەرفەتـی گەشـەکردنێکی بـێ وێنـەی کۆمەڵایەتیـی بـە چینـی ناوەنـد دابـوو، توانیـان یەکێـک لـە گەورەتریـن شـۆڕش (مشرووتیـەت) دژ بـە چینـی بـاڵای خانەدانـە قاجـارەکان بەرپابکـەن. بـەڵام «چینـی ناوەنـدی کـورد لەسـەرەتاوە بـەر چەندیـن هـۆکاری ناوخۆیـی و دەرەکـی کـەوت، کـە جووڵـە و هەنگاوەکانـی پێکهێنـان و گەشـەکردنی بـۆ چینێکـی بـاو وەسـتاند (قەرەداغـی، ٢٠١٦، ل١٤٤)».

گەورەبوونـی شـارەکان هۆکارێکـی گەشـەکردن و دەرکەوتنـی چینـی ناوەنـد بـوو، لـە نێـو ئـەو شـارانەدا دەروەسـتی خێڵەکـی کـۆن و هێـزی دەرەبەگـەکان لاوازبـوون، ئـەو خەڵکانـە هێزێکـی کۆمەڵایەتیـی بـوون، سـەرهەڵدانی خوێندنـی نـوێ و سیسـتمی شـار لـە ژیانـی لادێـی دوورخسـتنەوە، شـارەکان لـە سـەدەی نـۆزدە تەنیـا شـوێنی بازرگانیـی بچـوک و ئاڵوگـۆڕی کاڵابـوون، بـەڵام لـە سـەدەی بیسـتدا سەرنجڕاکێشـتر و شـوێنێکی باشـتری ژیـان بـوون. مرۆڤـەکان لـە شـاردا

هەستیی خێڵەکیبوونی بەهێز نەبووە، لەبەرئەوە بۆ شوناسێکی نوێ گەڕاوە (عەلی، ٢٠١٩، ل١١٠-١١١).
سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی شارەکان هەرچەندە ئامارێکی ورد و باوەڕپێکراو نییە، مێجەرسۆن ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لەساڵی ١٨٣٠ بە ١٠ هەزار دەخەملێنێت، بەڵام لە هەمان راپۆرتدا ژمارەکە لە ساڵی ١٩١٤ بە ٢٠ هەزار کەس مەزەندە ئەکات (ئاکۆ شوانی، ٢٠٠٢، ل٣٩-٤٠). راپۆرتێکی ساڵی ١٩١٣ بە ٢٠ هەزار کەس (ئەمین، ٢٠١٨، ل١٤٤) و سەرچاوەیەکی تر لە ساڵی ١٩١٤ بە نزیکەی ٤٠ هەزار کەس دیاریکردووە، کە زیاتر لە ١١٠٠ کەسیان دوکاندار و بازرگان بوون (جەعفەر، ٢٠٠٦، ل١٠١).
ژمارەی دانیشتوانی هەولێریش لە ساڵی ١٩١٦نزیکەی ١٠ هەزار کەس بووە، بازرگانە بچوکەکان و دوکاندار و فەرمانبەرانی میری و پیاوانی ئاینی و کەمینەیەکی رۆشنبیری گرتووەتەوە (قادر، ٢٠٠٩، ل١٤٤٨).
هەروەها ژمارەی دانیشتوانی کەرکوکیش لەو ساڵانەدا بە زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس مەزەندەکراوە، کە نزیکەی ١٣٠٠ کۆگا و دوکان و شوێنی بازرگانیی تێدابووە و شارەکە سەرەڕێگەی کاروانسەراکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوابووە (مزیری، ٢٠٠٩، ص٣٣).
سیاسەتی نیشتەجێکردنی حکومەتەکانی ناوچەکە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان لە دوو دەیەی سەرەتای سەدەی بیستدا زۆرتربووە، بە شێوەیەک لەساڵی ١٩٢٥ کۆمسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ویلایەتی موسڵ لە راپۆرتێکدا نوسیوویەتی: لە ئێستادا نزیکەی تەواوی کوردەکان نیشتەجێبوون و بەشێکی کەم نەبێت لە سەر سنورەکانی ئێران و عێراق کۆچەری نەماوە (قاسملۆ، ٢٠١٢، ل١٠).
بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکانیش لە وردە موڵکدارەکان و وەرزێرە نێوەنجییەکان هەرچەندە ژمارەیان کەمبووە، بەڵام لە گوندەکاندا خاوەنی زەویی و زاری خۆیان بوون و تا رادەیەک لە ژێر دەستی ئاغادا نەبوون و لە رووی پلەی کۆمەڵایەتییەوە لە نێوان چینی باڵای ئاغا و ئەرستۆکراتەکان و چینی گشتی هەژار و رەشۆکی بوون (کاکەئەمین، ٢٠١١، ل٧٤-٧٥)، کە لە ٦٪ زەویی و کێڵگەکانیان بە دەستبووە، سەپانیی بە جوتیارانیان داوە یان خۆیان بە کرێکاریی کشتوکاڵیی بەرهەمیانهێناوە (قاسملۆ، ٢٠١٢، ل١٩٩).
هەروەها توێژێکی تر کە بە (سەرکار) ناونراون لە گوندەکان، لەلایەن خاوەن موڵکە گەورەکانەوە بۆ سەرپەرشتی زەوییەکانیان رائەسپێردران، لە بەرانبەردا بەشێکی دەغڵ و دانی خاوەنکار و جوتیارەکەی وەرگرتووە. ئەمانە زۆرجار خەڵکی شاربوون و بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان چوونەتە گوند، یاخود هەر لە گوندەکە نیشتەجێبوون و لە رووی پێگەی کۆمەڵایەتیی و ئاستی داهاتەوە لە ریزەکانی چینی ناوەندبوون (بارزانی، ١٩٨٠، ص٩٤).
پەیدابوونی کاری دەستەکۆیی و کۆمەڵە و گرووپی رێکخراو لەسەر بنەمای بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆ بۆ هێنانەدی ئامانجی نەتەوەیی، تەنیا لە شار و پێگەیشتنی عەقڵی شاریدا بەرجەستە ئەبێت، بەڵام لەناو کورد ئەم عەقڵە بۆ یەکەمجار لە دەرەوەی کوردستان، لای ئەو پەناهەندانەی کە لە دەرەوەی کوردستان ژیاون، گەڵاڵەبووە (شوانی، ٢٠١١، ل٤١)، ئەوەش بە کاریگەریی رووداو و شۆڕشی گەلانی ناوچەکە، وەک: شۆڕشی بۆرژوازی روسی لە (١٩٠٥-١٩٠٧) و شۆڕشی دەستوریخوازانی ئێرانی لە (١٩٠٥- ١٩١١) و کودەتای تورکە لاوەکان لە (١٩٠٨- ١٩٠٩) (سەعید، ٢٠٠٦، ل١٥٧).
لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە پایتەختی وڵاتان شوێنی کۆبوونەوەی رۆشنبیرانی کورد بووە، ناوەندی هزری نەتەوەیی و کار و چالاکی رێکخراوەیی بوو (شوانی، ٢٠١١، ل٤١)، کۆمەڵەی عەزمی قەوی کوردستان

بـۆ یەکەمجـار لـە سـاڵی ١٩٠٠ لـە قاهیـرە پێکهێنـدرا (سـلوپی، ١٩٨٧، ص٢٢)، لـە سـاڵی ١٩٠٨ کۆمەڵـەی تەعـاون و تەرەقـی کـورد پێکهێنـدرا، کـە رۆژنامـەی دەرکـرد و قوتابخانـەی کـردەوە (الدوسـکی، ٢٠٠٨، ص٢٢)، رۆشـنبیرانی شـاری سـلێمانی (پیرەمێـرد و شـەریف پاشـاو...تاد) ئەندامـی چالاکـی کۆمەڵـە بـوون، دواتـر کۆمەڵـەی هێڤـی کـورد (احمـد، ١٩٨٤، ص١٠٠)و (کۆمەڵـەی معاریـف و نەشریاتـی کـورد و تەشـکیلاتی ئیجتماعـی کـورد) دامـەزرا (شـوانی، ٢٠١١، ل٤٢)، زۆربـەی دامەزرێنـەران و ئەندامانـی ئـەم کۆمەڵـە و رێکخـراوە سیاسـییانە لەوانەبـوون کـە وڵاتانـی ئەورووپایـان بینیـ بـوو وشـارەزاییان لـە گەشـەکردنەکانی ئەورووپـا و رژێمەکانـی ئـەوێ هەبـوو، بۆیـە بـۆ یەکەمجـار داوای دامەزراندنـی سیسـتمێکیان ئەکـرد کـە بـۆرژوا و چینـی ناوەنـد لەسـەر مۆدێلـی نوێـی سیاسـەت تێیـدا بڕیاردەربـن (جەلیـل، ١٩٩٣، ل٦٤).

دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانیـی و لکاندنـی باشـووری کوردسـتان بـە عێراقـەوە، بزووتنەوەیەکـی رۆشـنبیریی و نەتەوەیـی هاتـە ئاراوە، کـە رۆژنامـە و بڵاوکراوەی بـە زمانـی کوردیـی دەرکـرد، بـە دەرکردنـی یاسـا و هێنانـی ئامێـر و کەرەسـتە و پێشکەشـکردنی ئاسـانکاریی، جووڵەیەکـی ئابووریـی و بازرگانیـی و پیشەسـازیی دەسـتپێکرد (شـوانی، ٢٠١٢، ل٣٧٩)، شـارەکانی عێـراق گەورەبـوون و چینـی مامناوەنـدی نـوێ گەورەتربـوو (بەتاتـۆ، ٢٠٢١، ل٦٣).

ئـەوەی زیاتـر هەلـی دەرکەوتنـی چینـی ناوەنـدی لـە باشـووری کوردسـتان رەخسـاند گەڕانـەوەی دەسـتەبژێری رۆشـنبیر و فەرمانبەرانـی بـاڵای دامـودەزگای شارسـتانی و سـەربازیی عوسـمانی بـوو بـۆ شـارەکانی کوردسـتان، کـە بـە مونـەوەران دەنـاسران و جیـاواز لـە خەڵکـی ئاسـایی هەڵگـری بیروبـاوەڕی نوێبـوون (سـەیدقادر، ٢٠٢٠، ل٢٤٣). «دوو ناوەنـدی گـەورەی رۆشـنبیریی لـە سـلێمانی و بەغـداد دروسـتبوو» (بلـۆ، ٢٠٠٤، ل٣١)، توانیـان چەندیـن رێکخـراو و پارتیـی رۆشـنبیریی و سیاسـیی دامەزرێنـن، لەوانـە: پیرەمێـرد و عەبدولواحیـد نـوری، محەمـەد ئەمیـن زەکـی بـەگ ، مەعـروف جیـاوک ، فایـەق هۆشـیار ، ئەحمـەد موختـار جـاف ، جەمیـل سـائیب، مسـتەفا سـائیب، تۆفیـق وەهبـی ، رەفیـق حیلمـی ، حوزنـی موکریانـی ، مسـتەفا یامولکـی و ...تـاد (بابـان وئەوانـی تـر، ٢٠٠٠، ل٢٤٠)، لـە سـاڵانی ١٩٢٠ لەنـاو شـاری سـلێمانی ژمارەیەکـی بەرچـاو ئەفسـەر و فەرمانبـەر و رووناکبیـری لێبـووە (جەعفـەر، ٢٠٠٦، ل١١٩). کە لە هـەوڵ و خەباتـی سیاسـیی و شارسـتانیدا کاراکتەرێکـی ئەکتیـڤ و بزێوبـوون، بـە نووسـینی بابـەت و هۆشـیارکردنەوەی تاکـی کوردیـی و وەرگێڕانـی بەرهەمـە جیهانییـەکان بـۆ سـەر زمانـی کوردیـی هەوڵیانـداوە (سـەعید، ٢٠٠٦، ل١٦١)، بزووتنەوەیەکـی چالاکـی رۆژنامەگەریـان بـە چاپکردنـی رۆژنامەکانـی پێشـکەوتن (١٩١٩-١٩٢٠) و بانگـی کوردسـتان و رۆژی کوردسـتان و بانگـی حـەق و ئومێـدی ئیسـتقلال و ژیـن و ژیـان و ژیانـەوە و زانسـتی سـلێمانی سـەرپێ خسـتووە (بلـۆ، ٢٠٠٤، ٣١).

هەرچەنـدە لەسـەرەتادا زۆربـەی دەسـتە و گـروپ و توێـژەکان لـە ئەفسـەران و مونـەوەران لـە دەوری شـێخ مەحمـود بـۆ دروسـتکردنی حکومەتێکـی سـەربەخۆی نیشـتمانیی گردبوونـەوە، بـەڵام هـەر وەکـو رەفیـق حیلمـی ووتویەتـی: «دەسـتوپێوەندە عەشـایەر و نەخوێنـدەوار و چاوبرسـییەکەی دەوروبـەری شـێخ مەحمـود لەگـەڵ بیـری مونـەوەران و ئەفسـەرانی کـوردا نەئەگونجـا و هەروەهـا بـە فـات و فیتـی ئەوانـە گرێیەکـی نەفسـی لای شـێخ مەحمـود بەرامبـەر بـەو مونەوەرانـە دروسـتبووبوو کـە دیوارێکـی لـە خەنجـەر و دەمانچـە لەنێـوان هـەردوولا دروسـتکرد بوو»(حیلمـی، ٢٠٢٠، ل٨١)، تـا بەرەبـەرە زۆربـەی ئـەو دەسـتەبژێرە رۆشـنبیرە کـە خاوەنـی وزە و توانایەکـی تەکنۆکراتـی نەتەوەیـی بـوون لـە شـێخ مەحمـود دوورکەوتنـەوە.

لـە سـاڵی ١٩٢٢ بـۆ یەکەمجـار موسـتەفا یامولکـی (جەمعیەتـی کوردسـتان)ی دامەزرانـد، زۆربـەی دەسـتەی

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە پاشگری ئەفەندیی بە ناوەکانیانەوە هەیە، وەک ئاماژەیەک بۆ توێژی مونەوەرانی سەر بە چینی ناوەندی کۆن (بابان و ئەوانی تر، ٢٠٠٠، ل٢٤٢-٢٤٣)، هەرچەندە بەوردیی ژمارەی ئەم توێژە لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵام ژمارەیان ئەگەریش کەمبووبێت، ئەوا کاریگەرییان زۆر زیاتربووە لە ژمارەکەیان چونکە توێژێکی خوێندەواری خاوەن بیرۆکە و هزری نوێ بوون و لە ناوەندی کۆمەڵگای کوردییدا گوێیان لێگیراوە و دەوڵەتیش هەوڵی داوە سود لەم کەسانە وەربگرێت بۆ کارگێڕی دامودەزگاکانی.

بەشێکی دیاری مامۆستایان لە قوتابخانەکاندا ئەفسەرانی کۆن و نوێی زەمانی عوسمانی بوون کە ژمارەیان مەزەندە دەکرێت بە دەیان مامۆستا (حیلمی، ٢٠٢٠، ل٤٣٥)، زۆربەی رۆشنبیران و مونەوەران و خەڵکانی بۆرژوای کورد سەر بە چینی ناوەندی تازە دەرکەوتوو بوون، لەبەرئەوە قورسایی کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و بایەخدان بە کاروباری رۆشنبیریی بوو، بەریتانییەکانیش دوای ئەوەی ویلایەتی موسڵیان بە عێراقەوە لکاند، ئامۆژگاریی کوردیان کرد هاوڵاتییەکی باشی عێراق بن و لە دامودەزگاکانی حکومەتی بەغدا بخوێنن و جێی خۆیان بکەنەوە (ئەمین، ٢٠٠٢، ل٢٣٥-٢٣٦).

«ماکداوڵ»یش پێیوایە سەپاندنی حوکمی راستەوخۆی عەرەبەکان بەسەر کوردا، لەکاتێکدابووە چینێکی نوێ لە ناو کورد پەیدابوو، کە نا خێڵەکیی و پیشەیی ناوشارەکان بوون، ئەم چینە ئامادەبوو وەک هاوڵاتی کوردستان نەوەک خێڵ کاربکەن، بەڵام ئەو کاتە ئیدی بەریتانیا بڕیاریدابوو بە بەشێک لە عێراق دایانبنێت (ماکداوڵ، ٢٠١٩، ل٢٤٣)، لێرەشەوە دەستەبژێری سیاسیی و رۆشنبیری کورد هەوڵیاندا لە چێوەی راسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان و یاسای بنەڕەتی عێراق مافە نەتەوەییەکانیان وەرگرن. هاوکات کۆمەڵە و رێکخراوی رۆشنبیریان درووستکرد، وەک: کۆمەڵەی زانستی لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٦، لە بارەی چۆنییەتی دامەزراندنییەوە، غەفوری میرزا کەریم نووسیویەتی: لە شەوی دوو لەسەر سێی نیساندا نزیکەی ٣٠٠ کەس لە کاربەدەستان و بازرگان و رۆشنبیران و بەشێکی کەمیش لە حاجی و شێخ و پیاوماقوڵانی شار تێکڕا لە شارەوانی سلێمانی بۆ راگەیاندنی کۆمەڵەکە کۆبوونەوە، واتە ئەم قۆناغە کە ناوڕاستیی بیستەکانی سەدەی بیستە، سەرەتاکانی دەرکەوتنی چینی ناوەندمان نیشان ئەدات (شوانی، ٢٠١١، ل٤٢).

رۆژنامەی ژیان لەو کاتەدا لە ژێر ناونیشانی مژدەیەکی گەورە بۆ هەموو کوردان نووسیویەتی: «مەعلومی خوێندەوارانی کیرامە کە تاکو ئەمڕۆ هەموو ئارەزوو ئەمەلمان حەسر کردووەتە سەر بڵاوکردنەوەی عیلم و مەعاریف، ئەوا ئەمڕۆ شوکر لیللا بە کەمالی ئیفتیخار بەری ئەم سەعیە ئەخەینە بەرچاوی میللەت، بینا لەسەر تەشەبوساتی چەند کەسانێکی مللەتپەروەر لە وەزارەتی داخلیە و معاوەنەتی جەنابی موتەسەریف پرۆغرام و نیزامنامەی (جەمعیەتی زانستی کوردان) نەشر و ئیعلان ئەکەین، ..، ئومێد وایە کە ئەم جەمعیەتە بناغەیەکی عیلمیمان بۆ دامەزرێنێت» (ژیان، ژمارە١١، ١٩٢٦، ل١). بەم شێوەیە کۆمەڵەی زانستی کەوتەکار و قوتابیانی تێدا گردبوونەتەوە مامۆستایان بە شێوەی خۆبەخش بۆ دەرس وتنەوە روویان کردە ئەم کۆمەڵەیە (کەریم، ٢٠١٥، ل٤٥).

لەکۆتاییەکانی دەیەی بیستەکانیشدا( ١٩٢٨-١٩٣٠) توێژەکانی چینی ناوەند بەتایبەتیی توێژی باڵای ناو چینەکە بە تێکەڵی لەگەڵ کارەکتەرە دیارەکانی چینی باڵای بەگ و ئاغاکاندا کە پێیان دەوترا ( ئەشراف و وجەها) کەوتنە خەباتی نەتەوەیی و رۆشنبیری و دوای چەند کۆبوونەوەیەک دەستەیەکیان پێکهێنا بە ناوی (هەیئەی

وەطەنییە)، دامەزرێنەرانی (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا، شێخ قادری حەفید، محەمەد ساڵح، تۆفیق قەزاز، رەمزی فەتاح، عیزەت مەدفەعی، عەزمیبەگی بابان و سکرتێری هەیئەتەکەش رەشید نەجیب) بووە، کە دواتر بووە بە موتەسەڕیفی کەرکووک(جیاوک، ١٩٥٤، ص٨٣)، هەیئەتەکە باوەڕی بە بەکارهێنانی توندوتیژی نەبووە وەکو عیزەت بەگی جاف وتوویەتی: «ئەمجارە سیلاح و تفەنگمان قەڵەم و مراجعەاتە» (ئەمین، ٢٠١٣، ل٢٠٤). ئەم ئەزمونە نوێیەش لە شێوازی کاری پێکەوەیی دوو هزری جیاوازی دوو چینی کۆمەڵایەتیی لە مێژووی کورد دا، سەرەتای ململانێیەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بوو کە دواتر دەرهاویشتەکانی لەسەر رووداوەکانی ساڵانی سییەکان بە روونیی دەرکەوت.

شایەنی باسە، کاربەدەستانی ریزی چینی ناوەند لە سۆنگەی هەستی نەتەوەیی و رۆشنبیریەوە هەوڵیانداوە سنوری چینەکەیان فراوان و فرە جۆر بکەن و توانای مرۆیی جیاواز لە چوارچێوەی دەستە و گرووپی تەکنۆکراتی نوێ درووستکەن، ئەوەش لە رێگەی هەوڵدان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک تا منداڵەکانیان جگە لە خوێندنی فەرمی و ئاینی، بنێرنە بەر خوێندنی پیشەیی و سەربازیی وکشتوکاڵیی، لەبەرئەوە دەبینین ئەحمەد بەگی موتەسەڕیفی سلێمانی لە رێگەی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەوە خەڵکی هانداوە کە منداڵەکانیان بۆ خوێندن لە شاری بەغدا لە بوارەکانی پیشەیی و سەربازی بنێرن، دوای ئەوەی راگەیاندنێکی وەزارەتی ناوخۆی پێدەگات کە قوتابخانەیەکی سەربازی شاهانە لە بەغدا دەکرێتەوە و خوێندکار وەردەگرێت، دەستبەجی داوای لە خەڵکی سلێمانی کردووە هەر خێزانێک دەیەوێت منداڵەکانی بنێرێت کارێکی باش ئەکات بۆ پێشخستنی گەلی کورد و لە پێناو زیادکردنی رێژەی ئەفسەرانی کورد، هەروەها هەوڵیداوە ئەو هەلانە تەنها بۆ خەڵکی ناوەندی شارەکان نەبێت، بەڵکو ئەم داواکاریانەی ناردووە بۆ قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحییەکان، بۆ ئەوەی زۆرترین کورد بچن، لە پاڵ ئەوەشدا ئاگاداریی سەبارەت بە خوێندنی کشتوکاڵیی بڵاوکراوەتەوە و خەڵکیان هانداوە منداڵەکانیان بنێرنە پایتەخت بۆ شارەزابوون لەو بوارە گرنگەدا بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵیی کوردستان، کە ئەو کاتە کەرتێکی دواکەوتوو بووە (عەلی، ٢٠٢٢، ل٨٨-٨٩). دواتریش ئەحمەد بەگ سەردانی خوێندکارە کوردەکانی لە بەغدا کردووە، کە لە بوارە جیاوازەکاندا خوێندویانە و بە هەستێکی بەرپرسیارانەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردوون و ئامۆژگاری کردوون و باسی لە دەردەسەریەکانی کورد کردووە کە چۆن ئەبێت ئەوان ئەو دۆخە خراپە بگۆڕن (غەریب، ٢٠١٨).

لەشاری هەولێریش رۆشنبیران لەو چوارچێوەیەدا بە دامەزراندنی یانەی فەرمانبەران لە تشرینی دووەمی ١٩٢٨دا کە هەر یەکە لە (عەبدولحەمید یاعقوبی موتەسەڕیفی هەولێر و فایەق بێکەس و مەعروف جیاوک و حوسێن حوزنی) ژمارەیەک لە گەورە کاربەدەستان و رۆشنبیران ئەندامی یانەکە بوون و لەو ساڵانەدا یانەکە توانی پێشڕەوی بزووتنەوەی رۆشنبیریی و نەتەوەیی بکات (قادر، ٢٠١٣، ل٩١، ٩٦). دواتریش هەر لەو شارە یانەی سەرکەوتن بە بەشداری ژمارەیەکی دیار لە رۆشنبیران و ئەفسەران و ئەفەندییەکانی شارەکە و بە سەرۆکایەتی (مەعروف جیاوک) دامەزرا کە زیاتر کاری زانستی و هۆشیاریی نەتەوەی بڵاوئەکردەوە (ژیان، ژمارە ٢٤١، ١٩٣٠، ل١). ئەمانە گۆڕانی چۆنایەتی بوو لە جیاتی ئەریستۆکراتی لادێ (شێخی تەریقەت و سەرۆکی عەشیرەت)، دەستەبژێری بازرگان و رۆشنبیر و مونەوەران سەرکردایەتیان کردووە، ئاڕاستەی شۆڕشی چەکداری بۆ کاری سیاسیی و خۆپیشاندان و مانگرتن و نووسینی بەیان و گفتوگۆ وەرچەرخێنراوە، هاوکات مەڵبەندی جموجۆڵ

شـارەکان بـووە و هـەر ئەمـەش بناغـەی کاری نهێنـی و رێکخسـتنی سیاسـیی لـە شـارەکاندا دانـا و دواتـر رۆڵـی هەبـوو لـە درووسـتبوونی چەندیـن پارتیـی سیاسـیی نهێنـی و ئاشـکرا لـە شـارەکانی کوردسـتاندا.

جەنگـی یەکەمـی جیهانیـی ئەگەرچـی نەهامەتیـی زۆری بـۆ کـورد هێنـا، بـەڵام بـە گۆڕەپانبوونـی کوردسـتان، رێگاوبـان و چەندیـن پـرۆژەی دیـار لـە لایـەن وڵاتانـی بـە شـەڕ هاتـوو کرانـەوە، کـە ژمارەیەکـی زۆری هاوڵاتـی کوردیـی لـەو شـوێنانە بوونـە کرێـکار، ئـەم دیـاردە نوێیـە لـە تەواوبوونـی جەنگـی جیهانیـی کۆتایـی نەهـات و بەردەوامبـوو، بـۆ نموونـە لەسـاڵی ١٩٢٥ پـتر لـە (٢٢٥٠) کـورد لـە عێراقـدا تەنهـا لـە کەرتـی شـەمەندەفەر کاریانکـردووە و ٢٣٪ی کرێکارانـی عێراقیـان پێکهێنـاوە (احمـد، ١٩٨٥، ل٢٣٧)، بەشـێک لـەم کرێکارانـە هەلـی بزاوتـی کۆمەڵایەتییـان بـۆ گونجـاوە و ریزەکانـی توێـژی خـوارەوەی چینـی ناوەندیـان فراوانکـردووە (شـوانی، ٢٠١١، ل٢١). بـەڵام ئەمـە لـە ئاستێکی زۆر سـنورداردابووە و ئـەوەش لەبـەر لاوازی ژێرخانـی پیشەسـازی کوردسـتان و کەمـی ژمـارەی کرێـکارەکان ، جگـە لـەوەش بەشـێک لـەو کرێکارانـە کرێـکاری وەرزی بـوون و زسـتانان کـە کاریـان نەدەمـا دەچوونـەوە گونـدەکان.

سـەبارەت بـە توێـژی ئەندامانـی ئەنجومـەنی مەبعوسـان (پەرلەمـان) هەرچەنـدە نیوەیـان سـەر بـە چینـی بـاڵای سـەرۆک خێـڵ و ئاغـا و دەرەبەگـەکان بـوون، بـەڵام بەشـێکیان لـە توێـژی خوێنـدەوار و ئەفەندییەکانـی توێـژی بـاڵای چینـی ناوەنـد بـوون، کـە بـە هـۆی توانـای رۆشـنبیرییانەوە چالاکییەکانیـان لـە ئەندامانـی چینەکانـی تـر زۆر زیاتربووە، لـە خولـی سـاڵی ١٩٢٨ (ئەمیـن زەکـی بـەگ لـە سـلێمانی و مسـتەفا ئەفەنـدی و سـەعید ئەفەنـدی لـە کەرکـووک و مەعـروف ئەفەنـدی و عەبـدوڵا ئەفەنـدی لـە هەولێـر) لـە ریـزی هەڵبژێردراوەکانـدا بـوون (ژیـان، ژمـارە١١٤، ١٩٢٨، ل٢)، لـە خولەکانـی تـری هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی عێراقـدا بـە درێژایـی سـاڵانی سـییەکان و چلـەکان کـە زیاتـر لـە حـەوت خولـی هەڵبـژاردن جێبەجێکـراوە کەسـایەتییەکانی (محەمـە ئەمیـن زەکـی بـەگ، صالـح محەمـەد صالـح ، سـیف اللـە خەنـدان ، عەلـی کەمـال و بەهادیـن نـوری یەکـی چەنـد جارێـک بوونەتـەوە بـە ئەندامـی پەرلەمـان کـە سـەرجەمیان لـە ریزەکانـی توێـژی بـاڵای چینـی ناوەندبـوون، بـە رێـژەش نزیکـەی ٥٠٪ نوینەرانـی کوردییـان پێکهێنـاوە، ٥٠٪ ی تـرش لـە چینـی شـێخان و ئاغـا و دەرەبەگـەکان بـوون کـە بـە پێـی بەڵگەنامەکانـی نـاو پەرلەمـان کەمتریـن چالاکـی و قسەکردنیشـیان هەبـووە( الدوسـکی، ٢٠٠٨، ل-ل ٣٣-٦٠). ئـەوەش بەڵگـەی ئەوەیـە لەسـاڵانی سـییەکان و چلەکانـدا ئیـدی جەمـاوەر و توێـژە جیاوازەکانـی چینـی ناوەنـد لەشـارەکانی کوردسـتاندا لـە رووی ژمـارەوە گەشـەیان کـردووە توانیوەیانـە نیـوە بـە نیـوە بەرامبـەر بـە چینـی شـێخان و دەرەبەگـەکان نوێنـەر بنێرنـە پەرلەمـان.

جگـە لـەوە، بـە پێـی خشـتەیەکی ئـەو کاتـە بـە درێژایـی سـەردەمی پاشـایەتی لـە عێـراق زۆرینـەی نوێنەرانـی کەرکـووک لـە ئەنجومـەنی مەبعوسـان لـە بازرگان و ئەفسـەرانی سـوپا و پارێـزەر و مامۆسـتا و فەرمانبەر و پزیشـکانبوون بـە شـێوەیەک لـە کـۆی ٤٦ نوێنـەر لـەو ماوەیـەدا تەنهـا ١١ دانەیـان لـە چینـی سـەرۆک خێڵـە باڵاکەبـوون و ئەوانـەی تـر لـە توێژەکانـی چینـی ناوەنـد بـوون. (عەبدولڕەحـمان، ٢٠١٩، ل٢٢١).

خشتەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نوێنەرانی کەرکووک لە ساڵانی (١٩٢٥-١٩٥٨):

| توێژ و چین و پیشە | ژمارەی نوێنەر |
| --- | --- |
| سەرۆک خێڵ | ١١ |
| بازرگان | ١٠ |
| کادری کارگێڕیی | ٧ |
| ئەفسەری سوپا | ٤ |
| پارێزەر | ٤ |
| مامۆستا | ١ |
| ئەندازیار | ١ |
| پزیشک | ١ |
| فەرمانبەر | ١ |
| تێکڕا | ٤٦ |

لە باشووری کوردستان یەکەم ڕەنگدانەوەی گەورە و دیاری ئەم چینە لە ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ بەرجەستە بوو، شێوازێکی نوێی خەباتکردن دەستیپێکرد، کە ئەنجامی ئەو بزووتنەوە نوێیە بوون چەند ساڵێک پێشتر لە شارەکانی کوردستان سەریهەڵدابوو، لەوانەش نووسین و خوێندن بە کوردیی و داهێنانی وشەی کوردیی پەتی و هەوڵدان بۆ ناولێنانی کوردیی منداڵ و ...تاد (شوانی، ٢٠١٢، ل٣٦٣).

ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا وەرچەخانێکی بایەخداربوو، بە تایبەت لە شێوازی سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە، سەرجەمی ڕەهبەرانی ڕاپەڕینەکە خوێندەواری چاک و لێهاتوو بوون، نە لە دوور و نە لە نزیک ناوی سەرکردە کلاسیکییەکان نەهێندراوە، هەموو چالاکی و بەشداریی قوتابیانی سلێمانی لەو ڕۆژانەدا، بەردی بناغەی لە دایکبوونی بزووتنەوەی قوتابیانی باشووری کوردستانی داکوتا (احمد، ٢٠٠٩، ل١٦٤-١٦٥).

## باسی دووەم - چالاکبوون و سەربەخۆبوونی چینی ناوەند (١٩٣٠- ١٩٤٥):

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣١دا شێخ مەحمود خۆی بەدەستەوەدا و عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ لە کۆمەڵەی گەلان بە ئەندام وەرگیرا، بەمەش ویلایەتی موسڵ کاری لکاندنی بە عێراقەوە سەریگرت، سیاسەتی هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراقیش ناچارکردنی کورد بوو، تاوەکو ژیان لە چوارچێوەی عێراقدا قبوڵبکەن، لە ئاکامدا زۆربەی چین و توێژە نەتەوەیی و ڕۆشنبیر و خەباتگێڕەکان لە خەباتی سیاسیی ساردبوونەوە، زیاتر چالاکی کولتوری و خۆڕۆشنبیرکردن و پەرەپێدانی خوێندن و خوێندەواریان بەچاکترین و گونجاوترین شێوازی خەبات هەڵبژارد، هاوکات لە ساڵانی ١٩٣٢ تا ١٩٤٥ چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسیی دروستبوون، کە ئامانجیان سەربەخۆیی هەموو پارچەکانی کوردستانبوو، دۆخی نوێی جەنگی جیهانیی دووەمیش هێندەی تر ئەم ڕێکخراوانەی چالاکتر کرد و ڕۆڵی بەرچاویان لە ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان هەبوو (ئاکۆ شوانی، ٢٠٠٨، ل٧-٨). هەڵسوڕێنەرانی ئەم پارتە سیاسییانەش زیاتر ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی چینی ناوەندبوون.

ساڵانی سییەکان دەستەبژێری سیاسیی و ڕۆشنبیری کورد لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە زیاتر گەشەیکرد، لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکاندا ڕۆڵی گرنگی لە بوارەکانی هۆشیاریی سیاسیی و نەتەوەی و ئابووریی و فەرهەنگیدا بینی (سەعید، ٢٠٠٦، ل١٥٦). کە بەرهەمی پێگەیشتنی ئەو لاو و خوێندکارە ڕۆشنبیرانەی ماوەی

١٥ ساڵی رابردووی قوتابخانە ناوەندیی و دواناوەندیی و پەیمانگا هاوچەرخەکان بوون، کە لە چێوەی چینی ناوەندا پڕۆژەی نوێ و جیاوازییان خستەڕوو، لێرەوە ململانێی نێوان ئەم گروپە لەگەڵ سەرکردەی کلاسیکی کورد لە ئاستێکی پەرەسەندوتر و هۆشیارانەتردا سەریهەڵدا.

لەم قۆناغەدا جگە لە زۆر بوونی ناوەندەکانی خوێندن و ژمارەی خوێندکاران، (کۆمەڵەی زانستی) کرایەوە، رۆژنامەی ژیان لەو بارەوە دەڵێت، "ئەو کەسانەی لە پێشدا لە بازاڕدا دەسوڕانەوە و شەڕە شەقیان ئەکرد و بە شەو بەسەرخۆشی و جنێوفرۆشی و قومار رایان ئەبوارد، کۆمەڵەی زانستی هەزار دانە لەوانەی کردووە بە پیاوێکی خوێندەواری بە حیسیەت و ئەهلی کسب و صنعت" (ژیان، ژمارە ٥٠٦، ١٩٣٦، ل١-٢)، زانستی گەورەترین خزمەتی بەو کەسانە کرد کە کارو کاسبی رۆژ، رێگەی خوێندنی لێگرتبوون، یان تەمەن رێگەی پێنەدەدان لە خوێندنگای حکومی بخوێنن (ئاکۆ شوانی، ٢٠٠٨، ل٢٨).

چینی ناوەند لەو کاتەدا هەڵگرانی بیری کوردایەتیی و نەتەوایەتیی بوون، لە ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٤٥ چەندین رێکخراوی سیاسیی و رۆشنبیریی وەکو: کۆمەڵەی ئازادیی و کۆمەڵەی دارکەر و حزبی هیوا و... تاد لە شارەکانی کوردستان پێکبهێنن (ئاکۆشوانی، ٢٠٠٨، ل٩٥).

یەکێک لە دەمارەکانی گەشەکردنی چینی ناوەند لە کوردستان کاریگەرییەکانی ئاین و رەوتە ئاینییە نوێیەکان بوو، سەدان مەلا و پیاوی ئاینی لە بیستەکان و سییەکاندا پێگەیشتن، لە رێگەی نوێگەری ئاینییەوە پردی پەیوەندییان لەگەڵ توێژە روناکبیرە نەتەوەییەکان بەهێزکرد، لەوانە: مەلا محەمەد جەلی زادە و مەلا ساڵح عەسکەری و عەلائەدین سەجادی و شێخ محەمەدی خاڵ (الطلبانی، ٢٠٠٩، ل٨١)، مەلا حەمەئەمنی بێژۆیی، مەلا مەحەمەد دێلێژەیی، مەلا رەسوڵی سەفوەت، مەلا مەستەفای سەفوەت، مەلا عەبدوڵای بێژوێی، مەلا ئەسعەدی مەحوی، مەلا مارفی شێخ ئەمینی قەرەداغی، مەلا غەفوری مەلا عەلی، مەلا عەبدوڵای چروستانی، مەلا حسێنی پیسکەندی، مەلا مەحمود بێخود، مەلا عەزیزی موفتی، مەلا نوری شێخ بابە عەلی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، شێخ مەحەمەدی خاڵ بوون (ڕەشە، ٢٠١١، ١١٠-١٢٨). کە بە پێی ئەو پۆلێنە کۆمەڵایەتییەی ڤیبەر بۆ پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان دەیکات، سەرجەمیان لە توێژی ناوەڕاستیی چینی ناوەند بوون، ئەم مامۆستایانە حوجرە و شوێنی خوێندنی فەقێیان هەبووە و ژمارەیەکی زۆری مامۆستا و زانای ئاینییان پێگەیاندووە.

لە شاری هەولێریش گەشەکردنێکی بەرچاو دەبیندرێت، چەندین کەسایەتی رۆشنبیر و نوسەر و بازرگان و مامۆستا و خاوەن پیشە مامناوەندەکان دەردەکەون و قورسایی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی پەیدا دەکەن، دیارترینیان (حوسێن حوزنی موکریانی، سەعدی جەلال، ئەحمەد ئەفەندی، مستەفا بەهجەت، عەبدوڵا عەزیز، حەسەن نیعمەتوڵا، مستەفا نیعمەتوڵا، سەید نەزیف بەرزنجی، عیزەدین فەیزی، موسی سەمەد، زاهیر هەناری، کەمال عەبدولقادر و سدیق عەبدولقادر، حەیدەر عوسمان، جومعە محەممەد، یونس مستەفا، خدر مەولود، کەریم رەئوف، یوسیفی شیخ یەحیا، سەلیم موختار) و دەیانی تر کە سەرجەمیان سەر بە چینی ناوەند بوون (فەیزی، ٢٠١١، ل١٦٠٥)، چینی ناوەند پۆست و کاری گرنگیان لە هەولێر هەبووە و رۆڵی رۆشنبیریی و کارگێڕیی و سیاسیی و سەربازیان گێڕاوە، لەوانە، ئیسماعیل رواندزی (١٨٩٥-١٩٣٣) پەرلەمانتار و حاکمی ناوچەی رەواندز، ئەمین رەواندزی (١٨٦٥-١٩٤٣) ئەفسەری دیاری سەربازی و پەرلەمانتاری نوێنەری هەولێر لە ساڵی ١٩٣٥ و راوێژکاری سەربازیی وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ١٩٣٩، محەمەد ئەفەندی (١٨٧٣-١٩٤٥) مامۆستای زمانی فارسی

و شارەزایی ئاینی، خەیروڵا عەبدولکەریم (١٩١٢-١٩٤٧) ئەفسەری نیشتمانپەروەری کورد و شەهیدی ڕێبازی نەتەوەیی، مستەفا خۆشناو (١٩١٢-١٩٤٧) ئەفسەری دیاری کورد و بەشدار لە جووڵە نەتەوەییەکانی پارچەکانی تری کوردستان، ڕەمزی نافیع (١٩١٧-١٩٤٨) سیاسیی و خوێندەواری دیاری کورد و هاوپەیمانی ئەڵمانەکان لە جەنگی دووەم و بەشداری لە کردەوەی ماموت کردووە، موسا سلێمان (١٩٢٦-١٩٥٣) ئەکادیمی و ئەندامی حزبی شیوعی کوردستان، عەقید ئەمین رواندزی (١٨٩٨-١٩٥٥) ئەفسەری دیار و ئەندامی حزبی هیوا، سدیق ئەفەندی نازەنینی (١٨٩٠-١٩٥٦) بەدرێژایی چەندین ساڵ دادوەری دادگاکانی هەولێر بووە، مەعروف جیاوک (١٨٨٥-١٩٥٨) کەسایەتی ڕۆشنبیر و منەوەری کوردیی کە چەندین پۆستی کارگێڕیی و پەرلەمانی لە شارەکانی کوردستان و عیراق هەبووە، ئەحمەد ناجی (١٨٩٦-١٩٥٨) مامۆستایەتی لە بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکانی هەولێردا کردووە و ڕۆڵێکی پەروەردەی گەورەی هەبووە، عەبدوڵا عەزیز (١٩٠٢-١٩٦٢) مامۆستا و ئەکادیمیستی هەولێر کە لە زۆرێک لە شارەکانی باشووری عێراق کاری مامۆستایی کردووە، کەمال ڕەشید حەوێزی (١٩٢٧-١٩٦٣) مامۆستا و پەروەردەکار و ناسۆنالیست و ئەندامی پارتیی دیموکراتی کوردستان، نافیع یونس (١٩٢٦-١٩٦٣) کەسایەتی سیاسیی و نەتەوەیی و ئەندامی حزبی هیوا و حزبی شیوعی، جەمال حەیدەری (١٩٢٦-١٩٦٣) کەسایەتی روناکبیر و سیاسیی و ئەندامی پارتیی و حزبی شیوعی، کە لەلایەن بەعسییەکانەوە کوژرا، سەمەد بەنا (١٩١٣-١٩٦٨) فەرمانبەر لە وەزارەتی داد و ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی، مەجید ئەفەندی (١٩١١-١٩٦٨) مامۆستا و سیاسیی و ئەندامی حزبی شیوعی، عاسم حەیدەری (١٩٢١-١٩٧١) فەرمانبەری و ئەندامی حزبی شیوعی، نافیز جەلال حەوێزی (١٩٢١-١٩٧٢) ئەفسەری دیار و بەشداری شۆڕشی ئەیلول، ئەمانە و سەدانی تر لەشاری هەولێردا لە چالاکانی چینی ناوەند بوون (هەولێر، ٢٠١١).

بەم شێوەیە زۆربوونی تاکەکانی چینی ناوەند وایکردووە لە شاری هەولێر چەند کۆمەڵەیەکی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی دامەزرێنن، لەوانەش، کۆمەڵەی یاریدەدەری کورد (١٩٣١) و کۆمەڵەی دۆزینەوە و گەردانی کوردیی (١٩٣٢)، هەروەها لەسەرەتای چلەکانیشدا زۆرینەی ڕۆشنبیرانی هەولێر ئەندامی حزبی هیوا بوون و دواتریش ڕێکخراوەکانی وەک حزبی شیوعی و کۆمەڵەی میللەت، یەکێتی تێکۆشین، حزبی شۆڕش و حزبی رزگاریی لە ناو شارەکەدا جموجۆڵیان هەبوو و زۆربەی کارەکانیشیان لەلایەن چالاکانی چینی ناوەندی شارەکە راپەڕێنراوە (نەجار، ٢٠١٦، ل٢٢).

لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ جێگیربوونی دامودەزگاکانی دەوڵەت و بەرەوپێشچوونی باری ئابووریی دانیشتوان، لەکۆتاییی سییەکاندا لە شاری کەرکوکیش وردە وردە هەلی تەواوکردنی خوێندن لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵ فەراهەمبوو، بۆیە ڕۆشنبیر و خوێندکاران و توێژی ئایینی، لە نەشونماکردندابوون، بەڵگەی ئەوەش بە روونی لە سەرژمێریەکانی دواتری حکومەتی عێراقدا روونە (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٩، ل٢٢٤).

لەبەرئەوەی لەو قۆناغەدا قوتابخانەی ئامادەیی لە شارەکانی تری وەکو سلێمانی و هەولێر نەبوو، قوتابیانی ئەو دوو شارە لە سییەکاندا بۆ تەواوکردنی خوێندن دەهاتنە کەرکووک و ئەمەش وایکردبوو شارەکە ببێتە شوێنی بە یەکگەیشتنی خوێندکارە نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیرەکان لەسەرجەم ناوچەکانی باشووری کوردستان و هەر لە کەرکووکیش دەستیان کرد بە دامەزراندنی پارتە سیاسییە نهێنییەکانی وەک پارتیی دارکەران لە ساڵی ١٩٣٧، ئەوەش لەبەرئەوەی ئەگەر سەیری ئامارەکان بکەین، لەو ساڵانەدا زیاتر لە (٦٠٠) خوێندنکاری دواناوەندی

لەشـاری کەرکـووک خوێندوویانـە (عەبدولڕەحـمان، ٢٠١٩، ل٢٣٠).

لێرەوە نـەوەی دووەمـی ڕۆشـنبیران و ئەفسـەرانی کـورد لەکۆتاییـی سـییەکان و سـەرەتای چلـەکان کـە چەپگەرابـوون، دەرکەوتـن، لەوانـە: ئیبراهیـم ئەحمـەد، حەمـزە عەبـدوڵا ، یونـس ڕەئـوف، عەبدولواحیـد نـوری، حامیـد فـەرەج، جەمال عیرفـان، فـازڵ تاڵەبانـی (الطالبانـی، ٢٠٠٩، ل٨٧)، لـە شـاعیرەکانیش وەک، گـۆران، دڵـدار، شـێخ نـوری، فایـەق زێـوەر، شـێخ سـەلام، قانـع، موفتـی پێنجوێنـێ، هـەژار و هێمـن و زێـوەر و بێخـود ئەحمـەد شـاکەلی (زەنگەنـە و ئەوانـی تـر، ٢٠١٨، ل٣٧٩-٣٨٤)، لـە ئەفسـەرانیش عیـزەت عەبدولعەزیـز، مسـتەفا خۆشـناو، خێـروڵا عەبدولکەریـم، محەمـەد قودسـی، مەحمـود تەهـا، مەجیـد عەلـی، ئەمیـن ڕەوانـدزی، عەزیـز شـەمزینی، میرحـاج ئەحمـەد، حەمەدەمیـن دەربەنـد فەقـەرە، زاهیـر عەزمـی بابـان، هەروەهـا موکـەڕەم تاڵەبانـی، حەکیـم خانەقینـی، ئیسـماعیل حەقیـی شـاوەیس، ڕەشـید باجـەلان، مسـتەفا نەریـمان، عەتـا تاڵەبانـی، عەزیـز پشـتیوان، ئەحمـەد بەگـی بابـان، جەمیـل بەگـی بابـان، سـاڵح یوسـف، کەریـم زەنـد، محەمـەد تۆفیـق وەردی، محەمـەد قەرەداغـی، محەمـەد نەجیبـی تاڵەبانـی، عەبدولڕەحـمان کەریـم، عەلـی حەمـدی، کانەبـی دزەیـی، جەوهـەر دزەیـی، فایـەق هۆشـیار، بورهـان جـاف ...تـاد بـوون (بابـان و ئەوانـی تـر، ٢٠٠٠، ل٢٥٤). کـە دواتـر ئـەم ئەفسـەرانە ڕۆڵێکـی جەوهەریـان هەبـوو لـە درووسـتکردنی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە کۆمـاری کوردسـتان (١٩٤٥-١٩٤٦) و شۆڕشـی ئەیلولـدا (١٩٦١-١٩٧٥).

حزبـی هیـوا لەسـەرەتای دامەزراندنییـەوە توانـی بـە نێـو چیـن و توێـژە جیاوازەکانـی کۆمەڵـگای کوردییـدا ڕۆبچێتـە خـوارەوە، لـە خوێنـدکاران، مامۆسـتایان، ڕۆشـنبیران، ئەفسـەران، فەرمانبـەران ، بـازرگان و دەوڵەمەنـدەکان ئەندامـی هەبـووە، لـە سـاڵانی ١٩٣٩ تـا ١٩٤٣ بەهێزتریـن ڕێکخـراوی سیاسـیی کوردسـتان بـوو. (ئاکـۆ شـوانی، ٢٠٠٨، ل١٧٦).

لەسـەر ئاسـتە ئابوورییەکـەش، قەیرانـی ئابووریـی جیهانیـی و کێشـەکانی جەنگـی دووەمـی جیهانیـی کاریگـەری خراپـی لەسـەر عێـراق و کوردسـتان هەبـوو، بـەڵام سـەرباری ئـەوەش کەرتـی ئابووریـی و بازرگانیـی گەشـەیکرد، بەتایبـەت هاتنـی زیاتـری سـەرمایەی بیانـی بـۆ شـارەکان و بەرهەمهێنانـی کاڵای بازرگانیـی و گەشـەکردنی چینـی بازرگانـان و خاوەنکارەکانـی نـاو بـازاڕ، بـە شـێوەیەک لـەم قۆناغـەدا توتـن بـووە کاڵایەکـی بازرگانیـی دیـار کـە بڕێکـی باشـی سـەرمایەی بـۆ شـارەکانی باشـووری کوردسـتان هێنـا، چاندنـی توتـن بـووە چاولێکەریـی و لـە زۆربـەی ناوچـە جیـاوازەکان بەرهەمهێـنرا، جوتیـاران سـودیان لێبینـی و لـە بازاڕەکانیـش چەنـد دەسـێکی پێوەکـراوە و ئاسـتی بازرگانیـی بەرزکردبـووەوە، بـە تایبـەت لـە لیـوای سـلێمانی ڕێـژەی ٦٠٪ توتنـی باشـووری کوردسـتان بەرهەمهێـنرا (ئاکـۆ شـوانی، ٢٠٠٨، ل٢١-٢٢).

لـەم قۆناغـەدا شـاری کەرکووکمەڵبەندێکبازرگانیـی گرنـگ بـوو، بۆیـە بۆرژوازییەکانـی شـارەکە خـاوەن دەسـەڵات و نفوزێکـی باشـبوون کـە نوێنـەری ئـەم چینـەش لـە بنەڕەتـدا زیاتـر کلـدان و جـووەکان بـوون لـە پـاڵ کوردەکانـدا و لـە دوای جەنگـی جیهانیـی دووەم بوونـە خاوەنـی قورساییەکـی زیاتـر و لـە هەوڵـی ئەوەدابـوون خۆیـان لـە چوارچێـوەی ڕێکخسـتنێکی تایبەتـدا ڕێکبخـەن (عەبدولڕەحـمان، ٢٠١٩، ل٢٢٣). بێگومـان ئـەو گەشـەکردنەی بازرگانان و سـەرمایەش کاریگـەری لەسـەر سەرپێخسـتنی بـازاڕی ناوخۆیـی هەبـوو کـە ڕۆڵێکـی دیـاری لـە بـزاوتی کۆمەڵایەتیـی ئەبێـت و لـەم ڕێگـەوە ڕێژەیەکـی بـاش لـە چینەکانـی خـوارەوە بـەرەو سـەرەوەهەنگاویان نـا.

## باسی سێیەم - پێگەشتنی چینی ناوەند (١٩٤٥ – ١٩٦٨):

دوای جەنگی دووەمی جیهانیی زۆربەی توێژەکانی چینی ناوەند لە وڵاتانی جیهانیی سێیەم لە گەشەکردنێکی باشدابوون، لە پرۆسە تازەگەرییی و پێشکەوتنەکاندا رۆڵیان دەرکەوت، رێژەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی سوپا و مامۆستایان و پارێزەران و ئەندازیاران و پزیشکان و بازرگانانی لە خۆی گرت، کە زۆربەیان هەڵگری بیریئازادییی و ناسیۆنالستی بوون، لەلایەکی تروە دەستێکی دیاریان لە گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی ی و ئاوەدانی هەبوو (زکي، ١٩٩٦، ص٥٣).

سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانان لە جەنگدا بەها سیاسییەکانی دیموکراسی و فرەحزبی لەسەر ئاستی جیهان زیاتر بڵاوکردەوە، ئەو دۆخە رەنگدانەوەی لەسەر کوردستانیش هەبوو، بەشێوەیەک راستەوخۆ لە دوای جەنگ چەندین حزبی سیاسیی لەلایەن توێژەکانی چینی ناوەند درووستکران، لەوانە حزبی شیوعی کوردستان وپارتیی دیموکراتی کوردستان، بیری چەپ و سۆسیالیزم لەم قۆناغە زیاتر پەرەیسەند و چینی ناوەند هەڵگری بوون، بەشێکی تری چەپڕەوان بەرگریان لە ناسیۆنالیزمی کوردیی کرد، لە ساڵی ١٩٤٥دا حزبی شیوعی کوردستان کە حزبێکی چەپڕەوبوو لەلایەن ژمارەیەک لە رۆشنبیران و سیاسەتکارانەوە پێکهێندرا (حسن البارزانی، ٢٠٠٢، ل٩٢) (شریف، ٢٠٠٧، ل١٥٩). ئەم حزبە رۆڵێکی دیاری لە هێنانی چەمکەکانی ململانێی چینایەتی نێوان چینی جوتیار و دەرەبەگان هەبوو (سەردەشتی، ٢٠١٩، ل١٦-١٧).

لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦،پارتیی دیموکراتی کوردستانیش دامەزرێندرا، بەتایبەت دوای گفتوگۆ لەگەڵ پارتەکانی شۆڕش ورزگاریی بڕیاریاندا خۆیان لە بۆتەیپارتیی بتوێننەوە (مسعود بارزانی، ١٩٩٧، ص٣٥)، دەستەی دامەزرێنەرانی حزب (مستەفا بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد، نوری سدیق شاوەیس، عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری، ساڵح یوسفی، حلمی عەلی شریف، ئیسماعیل عارف، شەمسەدین موفتی) بوون (البلداوی، ٢٠٢٠، ص١٣١-١٣٢)، زۆرینەیان جگە لە مستەفا بارزانی و جێگرەکانی (شێخ لەتیف و کاکە زیاد) کە لە چینی باڵای شێخان و دەرەبەگی ئاینی بوون، ئەوانیتر لە چینی ناوەندبوون (مام جەلال، ٢٠١٧، ل٤٧)، لایەنگرانی حزب لە زۆربەی چین و توێژەکان پێکهات و لەسەر ئاستی ناوخۆی حزب لە بەشداری پێکردنی چینی دەرەبەگ و سەرۆک خێڵەکان ناکۆکی هەبوو و جۆرێک لە ململانێی چینایەتی سەریهەڵدا. مام جەلال لەو بارەوە ووتویەتی: "حەمزە عەبدوڵا لەسەر داوای پێشتری بارزانی باڵی دەرەبەگ و سەرۆک خێڵەکانی هێنایەوە ناوپارتیی و کردنی بە دەسەڵاتدار ... حەمزە لایەنگری ئەوە نەبوو بچینە ناو کرێکاران و جوتیارانەوە، دەیگوت: پێویستە گرنگی بە دەرەبەگ بدەین، چونکە ئەگەر دەرەبەگمان بۆ لای خۆمان راکێشا مانای وایە کۆمەڵگامان راکێشاوە، ئەوەش نارەزایی بەشێکی زۆری کادیرە چەپەکانی لێکەوتەوە، کە دواتر لەسەر ئەو بابەتە لەپارتیی جیابوونەوە و چوونە ناو حزبی شیوعییەوە، هەر بۆیە بە بۆچوونی من، حەمزە عەبدوڵا هەڵەیەکی گەورەی کرد دووبارە ئەو چینەی هێنایەوە ناو سەرکردایەتیپارتیی و بزووتنەوەرزگاریی کورد کە گەورەترین پاشەکشەبوو لە رووی سیاسیی و ئایدۆلۆژی و چینایەتییەوە" (مام جەلال، ٢٠١٧، ل٤٨-٥٢).

لەم قۆناغەدا چینی ناوەند دوو رای سەرەکی تێدابوو، کردنی بە دوو بەرەوە، بەرەیەکیان راستڕەوی نەتەوەیی بوون لەوانە: مەسعود محەمەد، کاکە حەمە خانەقا، رەمزی قەزاز، شاکر فەتاح ... تاد، بەرەکەی تر چەپڕەوی نەتەوەییبوون، وەک: ئیبراهیم ئەحمەد، عیزەت عەبدولعەزیز، میرحاج ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، جەمال

حەیـدەری، نافـع یونـس، سـالح حەیـدەری، کەمـال فـواد، مەعـروف بەرزنجـی، موکـەڕەم تاڵەبانـی، عومـەر عـارف، محێدیـن زەنگەنـە، کەمـال مەزهـەر، جـەلال تاڵەبانـی، عیزەدیـن مسـتەفا ... تـاد، "ئیبراهیـم ئەحمـەد رێنیشـاندەر و رێبـەری ئـەو ئیتجاهـە چەپـەی ناوپارتیـی بـوو، دەیویسـتپارتیی وا لـێ بـکات کـە ئایدۆلۆژیـای مارکسـی لینینـی تەبەنـی بـکات و دیموکراتـی شـەعبی قبوڵـکات و بکرێـت بـە دروشـم، هەروەهـا ئـەو باڵـی چەپـە لـەو کاتـەدا دژی بێلایەنـی بـوو، دەیویسـت بـە ئاشـکراپارتیی لایەنگیـری سـۆڤێت و بلۆکـی سۆشـیالیزم بـکات و دژایەتـی بلۆکـی رۆژئـاوا بـکات" مـام جـەلال، ٢٠١٧، ل٧٦)، بۆیـە ئـەم رەوتـە بوارێکیـان بـۆ درووسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتانـی رۆژئـاوا نەهێشـتبووەوە (ئەسەسـەرد، ٢٠١٢، ل٥٩).

لـە کوردسـتاندا سیسـتمی کۆمەڵایەتیـی خێڵایەتـی و دەرەبەگایەتـی روو لـە داتەپیـن بـوو، گواسـتنەوەی خێڵـە رەوەنـدەکان بـۆ ژیانـی شـار، بارودۆخـی ژیـان و دامەزراندنـی تـۆڕی پەیوەندییەکانـی باشـترکرد، سـەپاندنی یاسـا و دەرکەوتنـی رۆڵـی شارسـتانی و پێشـکەوتنی نـوێ وەک بەکارهێنانـی ئۆتۆمبێـل و ئامێـری کشـتوکاڵیی و ترۆمپـای ئـاو و سیسـتمی ئاودێـری، کارئاسـانی بـۆ جوتیـاران کـرد (لازاریـف، ٢٠١٥، ل٤١٥).

هەروەهـا دەرکەوتـن و درووسـتکردنی سـەندیکا پیشـەیی و رێکخـراوە خوێندکارییـەکان، ئاماژەبـوو بـۆ هاتنەکایـەی هۆشـیاریی کاری رێکخراوەیـی پیشـەیی و پێگەیشـتنی توێـژی فراوانـی قوتابیـان و تێکەڵبوونیـان بـە کاری سیاسـیی و رێکخراوەیـی و خەبـات لـە پێنـاوی ئازادیـی و سـەربەخۆیی (احمـد، ١٩٧٩، ص٦٨-٦٩)، لێـرەوە بـۆ یەکـەم جـار لـە رۆژی ١٤ نیسـانی ١٩٤٨ بـە پشـتگیری نهێنـی حزبـی شـیوعی عێراقـی یەکێتـی گشـتی قوتابیانـی عێراقـی لـە ناوچـەی سـوباع لـە شـاری بەغـدا یەکـەم کۆنگـرەی خـۆی بەسـت، کـە ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە قوتابیـان و خوێندکارانـی هـەر سـێ شـارەکەی کوردسـتان تێیـدا بەشـداربوون (فەیـزی، ٢٠١١، ١٦١٥)، هەروەهـا لـە ١٨ی شـوباتی ١٩٥٣دا بـە پشـتگیری پارتیـی دیموکراتـی کوردسـتان یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان پێکهێـنرا، زۆربـەی خوێندکارانـی کـورد چ لـە ناوخـۆی کوردسـتان و چ لـە بەغـدا و شـارەکانی تـر بوونـە ئەنـدام تێیـدا و کاریگەرییەکـی گـەورەی هەبـوو لەسـەر بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاریی نەتەوەیـی و خزمەتێکـی دیـاری بـە بزووتنـەوەی رزگارییخـوازی کـورد لـەو قۆناغـەدا کـرد (مـام جـەلال، ٢٠١٧، ل٦٥). جگـە لـەو رێکخـراوە خوێندکارییانـە، چەندیـن سـەندیکا و رێکخـراوی پیشـەیی نهێنـی و ئاشـکرای تـری وەکـو سـەندیکای (نانەوایـان، ئاسـنگەران، دارتاشـان، شـۆفێران، بەرگـدرووان ...تـاد) درووسـتکران کـە هەرچەنـدە ناتوانیـن کـۆی ئەندامەکانیـان بـە چینـی ناوەنـد هەژمارکەیـن بـەڵام لانـی کـەم هەڵسـوڕێنەری سـەندیکا و رێکخـراوەکان خەڵکانـی دیـاری خوێندەواربـوون لەشـارەکاندا، لـە پـاڵ ئەوەشـدا، کۆمەڵـەی منداڵپارێـزی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٤٥، لقـی کۆمەڵـەی مامۆسـتایانی سـلێمانی لـە ١٩٤٨، رێکخـراوی یەکێتـی خۆشـکانی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٤٧، رێکخـراوی یەکێتـی ئافرەتانـی دیموکراتـی کـورد لـە سـاڵی ١٩٥٣، کۆمەڵـەی نابینایانـی کوردسـتان، یەکێتـی قوتابیانـی ئاینـی لـە ١٩٥٣ دامـەزران (کەریـم، ٢٠١٢، ل١١١-١٢٠).

لـەم قۆناغـەدا دامـودەزگای دەوڵەتـی عێـراق فـراوان بـوو، دۆخـی ئابووریـی و سیاسـیی لـە جـاران باشـتربوو، لـە سـەنتەری زۆربـەی لیواکانـی کوردسـتان و قـەزاو ناحییـە گـەورەکان ژمـارەی فەرمانبـەران زیـادی کـرد و قورسـایی کارگێڕیـی و کۆمەڵایەتییـان پەیداکـرد، لـە کۆتاییەکانـی سـەردەمی پاشـایەتیدا (١٩٥٠-١٩٥٨) تێکـڕای فەرمانبەرانـی حکومـی لـە لیـوای سـلێمانی (٥٦٨٩) فەرمانبەربـوو (کەریـم، ٢٠١٢، ل٤٨)

هەروەهـا هەڵگرانـی بروانامەکانـی خوێندنـی بـاڵا (بەکالریـۆس و ماسـتەر و دکتـۆرا) ژمارەیـان لـە کوردسـتان

زیادیکردووە، بە گوێرەی ئامار و سەرژمێری ١٩٥٧ نزیکەی ٣٥٦ کەس بڕوانامەی باڵایان هەبووە، ٢١ کەسیش لە دەرەوەی عێراق خوێندیان تەواوکردووە. جەمال جەلال عەبدوڵاو حەسەن رەفعەت لەساڵی ١٩٥٤ بۆ ١٩٥٥ چونەتە ئەمریکا بۆ خوێندنی ماستەر، سەلاح حەفید ١٩٥٨، کاوس قەفتان ١٩٥٧، محەمەد محەمەد ساڵح ١٩٥٠ لە زانکۆی شیکاغۆ ماستەر و لە ١٩٥٧ دکتۆرای وەرگرتووە، هەروەها شەماڵ سائیب و ئەحمەد شاڵی بە هەمان شێوە (کەریم، ٢٠١٢، ل٤٨).

لەسەرەتای پەنجاکاندا عێراق داوای زیاد کردنی پشکەکانی لە کۆمپانیاکانی نەوت کرد، لە رێککەوتنێکی نوێدا پشکی عێراق بووە ٥٠٪ی داهات، دوای ئەوەی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە لە ساڵی ١٩٥٠ دامەزرا، حکومەت لە رێگەی چەند پلانێکی ئابووریی و گەشەپێدانی کەرتە جیاوازەکان، چەندین پڕۆژەی ستراتیجی ئەنجامدا، سەرمایەیەکی زیاتر رژایە بازاڕ، رێژەیەکی زۆری خەڵک لەو پڕۆژانەدا کاریانکرد، کۆچی لادێ بۆ شار زیاتر بوو، توێژە جیاوازەکانی چینی ناوەند فراوانبوون (ایوب، ٢٠٠٤، ل١١٠). لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٨ دەیان پڕۆژەی ستراتیژی وەک سەدەکانی دەربەندیخان و دوکان و رێگاکانی هاتووچۆی نێوان شارەکان و چەندین کارگەی گەورەی پێداویستی و خزمەتگوزاریی و پیشەسازیی و ئاودێریی لە شارەکانی عێراق و کوردستان کرانەوە (الخالدی، ٢٠١٥، ص١٥٤)، ئاستی گوزەرانی خەڵک باشتربوو و داهاتیان زیادیکرد، بەشێک لە توێژی ناوەڕاستی چینی ناوەند گوزەرانی هاوشێوەی توێژی سەرووی لێهاتبوو، کە لە کەلوپەلی ناوماڵ و کاروباری تەندروستیی و پۆشاکیاندا دەرکەوتبوو (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٩، ل٢٢٥).

لە سەنتەری سلێمانی بە پێی سەرژمێری (١٩٤٧)بازرگانیی لە پلەی یەکەمدا بووە، چونکە نزیکەی ٢٩٥٩ کەس بە بازرگانیی خەریک بوون. بە دوایدا بەرهەمە کشتوکاڵییەکان هاتووە، کە ٥٧١ کەس کاریان تێدا کردووە، بەڵام پیشەسازی و بوارەکانی دی (گواستنەوە، پارە گۆڕینەوە، خزمەتگوزارییە تەندرووستیی و فێرکاریەکان ....) رێژەیەکی لاوازیان گرتووە، بە هەمان شێوە لە سەرژمێری ١٩٥٧ ئەوانەی بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون هەر لە ریزبەندی خوارەوەدا بوون. پیشەگەریی وبازرگانیی رێژەکەی لە پلەی یەکەمدا بوون، واتە بازرگانیی لەو قۆناغەدا بژێوی سەرەکی دانیشتوانی شاری سلێمانیی بووە، کە دوو رووی هەبووە، روویەکی ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی بۆ قەزا و ناحیە و شارەکانی کوردستان، ئەوەی دی بۆ شارەکانی عێراق کە زیاتر ناردنە دەرەوەی کەلوپەل بۆ بەغدا بووە، بەڵام بە گوێرەی کۆمەڵە ئاماری ساڵی ١٩٥٦ سەرجەم ئەو دامەزراوە بازرگانییانە (بە تاک و کۆ) لە عێراقدا هەبوون (٣٧٦٣٨) دامەزراوە بوون، لەم ژمارەیە (٩٧٠)یان لە شاری سلێمانی بوون (کەریم، ٢٠١٢، ل٣٥-٣٦)، بە پێی ئەو ئامارانەش ئەگەر هەر دامەزراوەیەک لانی کەم ٥ کەس تێیدا کاریکردبێت، ئەوا توێژی بازرگانان نزیکەی ٥ هەزار کەسبوون، کە بۆ ئەو کاتە قورسای ئابووریی و دیمۆگرافی خۆی هەبووە و گەشەکردنی ئەم توێژەیە دەردەخات.

ئەوەی پەیوەندی بە شاری کەرکووک لە رووی بازرگانییەوە هەیە، بە پێی ئامارەکان، لەساڵی ١٩٤٧ دا رێژەی کارگەرانی بواری بازرگانیی و خزمەتگوزارییەکان لە (٧٥٪) ی رێژەی تێکڕای کارگەرانی کەرکووک بووە، کە (٩٥٤٢) کەس کاریان لەو کەرتەدا کردووە، دیارە بەرزی ئەو ژمارەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت لە شارەکەدا رۆڵی پۆزەتیڤیان بینیوە، لەلایەکی تریشەوە بوونی قازانجی خێرا و سەرمایە کاریگەرییان هەبووە (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٩، ل٢٥٠)، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٧ نزیکەی ٢٧٠٠ کۆگا و دوکان و دامەزراوەی

بازرگانیی تێدابووە، کە هەزاران کەس کارییان تێداکردوون و کۆی داهاتیان نزیکەی چوار ملیۆن دینار بووە، کە کاریگەریی لەسەر بەرزبوونەوەی داهات و بژێوی ئەو چینە هەبووە (شێخ بزێنی، ٢٠١٧، ل٨٦).
بە گوێرەی کۆمەڵە ئاماری پیشەسازی ساڵی ١٩٥٤، ژمارەی ئەو دەزگا پیشەسازیانەی لە سنوری سلێمانیدا بوون ٨١٤ دەزگابوون، لە بەرگدروو و پێڵاوساز و درووستکردنی کەلوپەلی کانزایی پێکهاتوون، ٦٨٩ دەزگای لە ناوەندی شارەکە بووە، واتە ٨٥٪ دەزگای پیشەسازییەکان، یەکێک لەو پیشەسازیانەی بایەخی هەبووە چیمەنتۆبووە، کە لە ساڵی ١٩٥٧ بە کردنەوەی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، هەروەها کارگەی جگەرە و پاڵافتەکردنی توتن لە ساڵی ١٩٥٦ درووستکرا (کەریم، ٢٠١٢، ل٤٠-٤١). لەبەرئەوە سلێمانی لە نێو لیواکانی باکوردا لە شەستەکاندا پلەی دووەمی لە بەرهەمی پیشەسازی هەبووە و یەکێک لە سەرچاوەکانی داهاتی ئابووریی پیشەی رستن و چنین بووە، لەشاری سلێمانیدا چەندین جۆر شتومەکەی چنراو درووستدەکرا لەوانە بەرماڵ و جاجم و شاڵی رانک و چۆخە، لە پاڵ ئەمانەشدا کارگە چییەکان هەبوون کە فەرەنجی و کڵاو لباد و پوزەوانەیان درووستئەکرد، ئەم پیشەیە هەندێک لە ماڵەکان و هەندێک لە بازاڕەکانی دەکرا. لە پاڵ ئەمانەشدا چەند پیشەیەکی تریش هەبووە لەوانە درووستکراوە چەرمییەکان، دارتاشەکان، تەنەکەچییەکان، مسگەرەکان، ئەم پیشانە لە ماڵ و دوکانەکاندا بوو، بە گشتی لە ساڵی ١٩٦٤دا تێکڕای دامەزراوە پیشەسازییەکان بە گەورە و بچوکەوە لە سلێمانیدا نزیکەی ٨٨٥ دامەرزاوە بووە (مجید، ٢٠١٢، ل٣٨)، کە بە پێی پێوەرەکانی ئاستی داهات خاوەنی ئەم پڕۆژانە سەر بە ریزەکانی چینی ناوەندبوون، هەر بۆیە هەموو ئەم بەرەو پێشچوونە بازرگانیی و پیشەسازییە کاریگەری لەسەر فراوانکردنی سنوری چینی ناوەند هەبووە.

سەبارەت بە شاری هەولێریش لە ساڵانی پەنجاکاندا، بە پێی ئامارە بەردەستەکان لەو ماوەیەدا نزیکەی (١٤٦٤) دەزگای پیشەسازی گەورە و بچوک لە شارەکەدا هەبووە کە نزیکەی (٢٢٧٢) کەس کاریان تێدا کردوون، لەو رێژەیەش پیشەسازی بەرگدوورین لە ژمارەی شوێنی کار و ئەو کەسانەی کاریان تێدا کردووە، پلەی یەکەمی هەبووە، کە (٤١٥) کەس لە (٣٥٥) شوێنی کاردا کاریانکردووە، دوای ئەویش پیشەسازیی گەنم هاڕین (ئاشەوانیی) و ئاشی گەنم دێت کە (٣٨٩) کەس لە (٢٧٢) شوێندا کاریان کردووە، بەڵام دیارە کە ئەو پیشەسازییانە زیاتر پیشەسازی بەکارهێنانی سادەبوون و مەبەست لێی دابینکردنی پێداویستییە خۆجێییەکانی دانیشتوانی پارێزگاکەبووە (کەریم، ٢٠٠٩، ل١٧٧)، لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ کە حکومەتی ئەو کاتی عێراق دەستی بە دامەزراندنی پڕۆژەیەکی زۆری پیشەسازی لە عێراقدا کرد، لە سنوری شاری هەولێردا چوار کارگەی گەورەی پیشەسازی کرایەوە، کە کاریگەری باشیان لە سەر کەرتی پیشەسازیی شارەکە هەبوو، ئەوانیش کارگەی جگەرە و کارگەی مافووری دەستی و کارگەی شیرەمەنی و کارگەی رستن بوون (حەفید، ٢٠٠٠، ل١٤٣).
هەروەها هەر بە پێی ئەو ئامارەی ساڵی ١٩٥٤ لە لیوای کەرکووک١٣٢٨ دامەزراوەی پیشەسازی و پیشەگەریی تێدا بووە، کە زیاتر لە چوار هەزار کرێکار کاریان تێداکردوون (العراقية، ١٩٥٥، ص١٠٠). هەروەها کەرکووک تایبەتمەندییەکی زیاتر لە شارەکانی تر هەبووە، ئەویش بوونی نەوت و پیشەسازی نەوتبووە، کەهەر لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای دەرهێنانی نەوت تا ساڵانی پەنجاکان چەندین دامەزراوەی نەوتی تێدا کراوەتەوە، کە سەدان کەس لە خەڵکی کەرکووک وەک فەرمانبەر و شارەزا و پیشەیی تێیدا کاریان کردووە.

لــە باشــووری کوردســتانیش (ســلێمانی ، کەرکــوک، هەولێــر) لــەدوای شۆڕشــی ١٩٥٨، کۆمەڵێــک گۆڕانکاریــی و پەرەســەندن روویانــدا، کــە بــزاوتی کۆمەڵایەتییــان زیاترکــرد، لەوانــە: خوێندنــی کوردیــی لەشــارەکانی کوردســتان و زیاتربوونــی ژمــارەی قوتابیــان و خوێندنــگاکان (ســەید قــادر، ٢٠٢٠، ل١٠٦)، هەروەهــا دەســتوری کاتــی عێــراق لــە ســاڵی ١٩٥٨ بــۆ یەکەمجــار چەندیــن مافــی لــە بــواری رۆشــنبیریی و خوێنــدن وئازادییــە کولتورییــەکان بــە کــورد دابــوو ئــەو مافانــەش وەک رێگــەدان بــە خوێندنــی کوردیــی و دەرکردنــی رۆژنامــەی کوردیــی بــە بــێ سانســۆر و دامەزرانــی حزبــی سیاســیی ... تــاد (مجیــد، ٢٠١٢، ل٢٢٣). لــە ســاڵانی (١٩٥٨ -١٩٦١) چەندیــن پــڕۆژەی خزمەتگوزاریــی لــە کردنــەوەی رێــگا و شــەقامی نــوێ و درووســتکردنی بــازاڕی هاوچــەرخ و ژمارەیــەک خانــوو بــۆ فەرمانبــەران و دامەزراندنــی چەنــد کارگەیــەک لــە شــارەکاندا و درووســتکردنی خانــەی بــە ســاڵاچوان و چەندیــن بنکەی تەندرووســتی و پۆلیــس، جێبەجێکــران (مجیــد، ٢٠١٢، ل٤٦)، ئەمانــە شــارەکانی کوردســتانی کــردە ناوچەیەکــی لەبــاری نیشــتەجێبوون (کەریــم، ٢٠١٢، ل٤٥). بــەڵام دوای ئــەوەی پەیوەندییەکانــی کــورد و عەبدولکەریــم قاســم خــراپ بــوو، شۆڕشــی ١١ی ئەیلولــی ١٩٦١ هەڵگیرســا، کارەســات و خوێنڕشــتن و رەشــبگیری و بڵاوبوونــەوەی دیــاردەی چەکــداری لــە ناوخــۆ و هاتنــی ســوپای عێــراق بــۆ کوردســتان (ســەید قــادر، ٢٠٢٠، ل١١٣)، لــە گەلێــک بــواری ئاوەدانــی و بەرهەمهێنــان زیانێکــی زۆری بەرکــەوت (شــوانی، ٢٠١٢، ل٣٥٤). زۆرینــەی رۆژنامــە کوردییــەکان داخــران و بەشــێکی ئەفســەران و پۆلیســی کوردیــی بــۆ شــارەکانی تــری عێــراق گواســتەوە، حکومــەت ئەندامانــی پارتیــی و رۆشــنبیران و نەتەوەخوازانــی کوردیــی دەســتگیرکرد (نەبــەز، ٢٠٠٧، ل١٣٥).

## ئەنجام:

لەکۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا دەتوانین بەکورتی چەند ئەنجامێک بخەینەڕوو:
هەرچەنــدە ســەرهەڵدانی ســەرەتایی چینــی ناوەنــدی کــورد بــۆ نیــوەی یەکەمــی ســەدەی نــۆزدە دەگەڕێتــەوە، بــەڵام تاکۆتاییەکانــی ئــەو ســەدەیە بــە لاوازی مایــەوە، لــە چارەکــی کۆتاییــی وردە وردە گەشــەیکرد و لــە ســەرەتای ســەدەی بیســت توێــژی رۆشــنبیرانی نــاو چینەکــە لــە تاراوگــە و لــە شــارەکانی وەک ئەســتەمبوڵ و تــاران و قاهیــرە و وڵاتانــی ئەوروپــا گەشــەیان کــرد و بوونــە بناغــەی چینــی ناوەنــدی دەرکەوتــووی کــورد.

لــە دوای لکاندنــی باشــووری کوردســتان ( ویلایەتــی موســڵ) بــە دەوڵەتــی تــازە دامــەزراوی عێراقــەوە، قۆناغێکــی نوێــی کۆمەڵایەتیــی و سیاســیی لــە کوردســتان دەســتیپێکرد و لــە ســایەی دام و دەزگای دەوڵەتــی و خوێندنــی فەرمــی و ئاینــی و گەشەســەندنی بــازاڕ و ســەرمایە و ئابووریــی ، پایەکانــی چینەکــە چەســپی و بــە درێژایــی بیســتەکان و ســییەکان فراوانبــوون و رێژەیەکــی زۆر لــە چینــی خــوارەوەی کۆمــەڵ ســەرکەوتن و رێژەیەکــی ســنوورداریش لــە چینــە باڵاکــە داکەوتــن و هاتنــە ریزەکانــی چینــی ناوەنــد.

گەورەبوونــی قەبــارە و فــرە رەنگــی ئــەم چینــە وایکــرد لەکۆتاییــی ســییەکانەوە چینــی ناوەنــد ســەربەخۆیانە و دوور لــە چینــە بــاڵا ئەرســتۆکراتەکە پرۆســەی گەشــەپێدانی رۆشــنبیریی و ئابووریــی و کۆمەڵایەتیــی و خەباتــی نەتەوەیــی لــە عێــراق و کوردســتان ئاڕاســتە پێبــدا، توانــی لەمــاوەی دوو دەیــەی دواتــردا زۆر شــت لــە بونیــادی کۆمەڵگاکــەی بــە

ئاڕاسـتەی مۆدێرنبـوون بگۆڕێـت.

گۆڕانکارییـە جیهانیـی و ناوچەیـی و ناوخۆیەکانـی دوای جەنگـی جیهانیـی دووەم، ئـەم چینـەی تێکـەڵ بـە کایـەی سیاسـییی کـرد، بـە درێژایـی سـاڵانی پەنجـا و شەسـتەکان دەیـان پارتیـی سیاسـیی و کۆمەڵـە و سـەندیکا لـە نـاو کۆمەڵـگای کوردیـی دروستکران و ڕۆڵێکـی دیـاری مێژووییـان گێـڕا، بـەڵام هەڵگیرسـانەوەی جەنگ و شـەڕەکانی نێوان کـورد و حکومەتەکانـی عێـراق لەمپـەری گەشـەکردنی زیاتـری چینەکـە بـوو، لەبەرئـەوە لـە سـنورێکی قەتیسـکراودا مایـەوە.

## الملخص

إن الطبقـة الوسـطى في التاريـخ الحديـث، كانـت المحـرك الفعـال لتطـور المجتمـع مـن جوانبهـا الاقتصـادي والاجتماعـي والسـياسي والتكنولوجـي، ومـن هـذا المنطـق؛ يقـاس الباحثـون والأكاديميـون المجتمـع ونضـج الأمـم مـن قـوة واتسـاع الطبقـة الوسـطى وفعاليتهـا و إكتمالهـا.

حاولنـا مـن خـلال منهـج وصفـي و تحليـلي بغيـة الوصـول إلـى ماهيـة الطبقـة الوسـطى الكورديـة، وكيفيـة نشـوءها و تكوينهـا، وتأثيرهـا في تحـولات المجتمـع الكـوردي نحـو الحداثـة والمدنيـة. وإسـتنتاجا لتصفـح المصـادر والمراجـع تبيـن بـأن بدايـات ظهـور الطبقـة الوسـطى الكرديـة في جنـوب كردسـتان ترجـع إلـى نهايـة القـرن التاسـع عـشر وبدايـة القـرن العشريـن، وإن كان ذلـك متأخـرة مقارنـة بالأمـم الأخـرى في المنطقـة، وظلـت ضعيفـة لفـترة طويلـة بعـد ظهورهـا. ولكـن بعـد قيـام الدولـة العراقيـة الحديثـة في (١٩٢١)، صـارت الطبقـة أكـثر وضوحـا ونشـاطا وإخلاصـا و مشـاركة، ووفقًـا لقدراتهـا لعبـت دورًا تاريخيًـا في مختلـف التحـولات السياسـيية و الإجتماعيـة والإداريـة والإقتصاديـة في تاريـخ كردسـتان الجنوبيـة.

ولا سـيما مثقفـي وعلـماء الطبقـة الذيـن قامـوا بـدور أكـبر رغـم التخلـف وانعـدام الجنسـية والقهـر، لكنهـم تمكنـوا مـن النهـوض بشـعبهم في المجـالات المختلفـة، ومنعهـم مـن الذوبـان وإنعـدام شـخصيته في الأوقـات السـاخنة التـي مـرت بهـا الـشرق الأوسـط منـذ الحـرب العالميـة الأولى.

خـلال الفـترة مـا بـين عامـي ١٩٢١ و ١٩٦٨، قـادت الشـخصيات البـارزة في هـذه الطبقـة النضـال الوطنـي والمثقـافي والصحفـي والسـياسي والانتفاضـات الجماهيريـة، وتمكنـوا مـن خلاهـا تحقيـق الإنجـازات والتمسـک بزمـام الأمـور نحـو التطـور والإكتـمال.

**الكلمات المفتاحية: الطبقة الوسطى، الكورد، جنوب كوردستان، الصراع الطبقي، المجتمع الكوردي**

## Abstract

Due to the new and modern history, the central class has been the dynamo of the world's economic, social, political and technological developments, the strength and wideness of the class has been the measure of the wisdom of nations, and from that point, the Kurdish central class in southern Kurdistan, even though it has been decades, it emerged later comparing with the other nations that have their own states, and after its establishment, it remained weak for a long time, but with the emergence and expansion of the class after the establishment of the State of Iraq (1921), actively and loyally and according to the restricted power, they have played a historical role in various changes in Kurdish history.

Following the method of analysis and showing the contents of the subjects, the study aimed to highlight the emergence and elaboration of the Kurdish central class and its economic, political, cultural and social role in Kurdish history, concluded that most of the historical movements of Kurds, events and changes in the 20th century were carried out by this class, which at the end formed many new classes. In particular, the class of intellectuals and educated people played a vital role, despite backward and stateless surroundings; the class was able to protect its people from being diminished and going out of history after World War I.

Between 1921 and 1968, the prominent characters of this class took over the running of the national, cultural, journalism, party and mass uprisings and were able to achieve dozens of historical achievements for the people.

**Keywords: middle class, Kurds, southern Kurdistan, class struggle, Kurdish society.**

## سەرچاوەکان:

### یەکەم - کوردییەکان:

احمد، کەمال مظهر، ٢٠٠٩، کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا، چاپی دوەم، بیروت.

احمەد، کمال مظهر، ١٩٨٥، چەند لاپەڕەیەک بە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغداد.

بابان، جمال، ئاسۆ بابان، ئومێد خالید، ٢٠٠٠، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، سلیمانی،

بابی لالۆ، کەمال رەئوف محەمەد، ٢٠٠٤، دەستەوارەبێ نان بۆ مێژوو، سلێمانی.

بلۆ، جویسی، ٢٠٠٤، دۆزی کورد، کۆڵینەوەیەکی مێژووی و سۆسیۆلۆژی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

بەتاتۆ، حەننا، ٢٠٢١، سەرۆک هۆز و جوتیار لە عێراق ١٩١٧- ١٩٥٨، وەرگێرانی سدیق ساڵح، تاران.

جەعفـەر، مامۆسـتا جەعفـەر، ٢٠٠٦، شـاری سـلێمانی ململانێـی گروپـە کۆمەڵایەتییـەکان (١٨٢٠- ١٩٢٠)، چاپخانـەی شـڤان، سـلێمانی.

جەلیل، جەلیلی، ١٩٩٣، هەندێک سیمای ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتوری کورد لەکۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، وەرگێرانی: ئەنوەر قادر محەمەد، ستۆکهۆڵم .

حیلمی، رەفیق، ٢٠٢٠، یاداشت، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، دەزگای بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنه ،

حەفید، سەلاحەدین، ٢٠٠٠، ئابووریی ی کوردستان ١٩٧٧-١٩٩٠، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

زەنگەنە، عەبدوڵا، سدیق ساڵح، رەفیق ساڵح، ٢٠١٨، گۆڤاری گەلاوێژ، ژیاننامە و ساغکردنەوە، (بەرگی ١١ بەشی دووەم)، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

ساحێبقران، سالم، ١٩٧٣، دیوانی سالم، هەولێر.

ساڵی رەشە، ئەکرەمی مەحمود، ٢٠١١، شاری سلێمانی ٢٠٠ ساڵ، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، سلێمانی.

سەردەشتی، دکتۆر یاسین، ب.س، رۆڵی فاکتەری فەرهەنگی لە شۆڕشی مەشروتییەتی ئێرانیدا، بەشی مێژوو، کۆلێژی ز. مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ب.ش.

سەردەشتی، دکتۆر یاسین، بەرزان مەلا تەها (وەرگێران و ئامادەکردن)، ٢٠١٠، مێژووی هاوچەرخی ئێران، چاپی دووەم، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

سەردەشتی، یاسین، ٢٠١٩، کورتەباسێکی مێژووی ئابووریی ی جیهان و کوردستان، کۆلێژی ز. مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، سلێمانی.

سەعید، هیوا عەزیز، ٢٠٠٦، رەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠ -١٩٥٨)، سلێمانی.

سەعید، هیوا عەزیز، ٢٠٠٦، خۆییبوون هیوا ژ.ک لیکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

سەید قادر، شاهۆ عوسمان، ٢٠٢٠، سلێمانی لەکۆتاییی بابانەوە بۆ سەرەتای راپەڕین، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

شوانی، محەمەد، ٢٠١١، رۆڵی چینی ناوەند لە پێکەوەنانی ناسنامەی نەتەوەیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٣٢، ئەیلولی ٢٠١١، بەشی B، سلێمانی.

شوانی، محەمەد، ٢٠١٢، سۆسیۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکان دەروازەیەک بۆ شیکردنەوەی چینایەتی کۆمەڵگای کورد، چاپی یەکەم، هەولێر .

شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم، ٢٠٠٨، شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم، ٢٠٠٢، شاری سلێمانی ١٩١٨ -١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسیی، چاپخانەی زانست، سلێمانی.

شێخ بزێنی، دلێر عەزیز مەحمود، کەرکووک(١٩٢١- ١٩٥٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی –ئابووریی یە، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، بەشی مێژوو، کۆلێژی ز,مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی.

عەبدولڕەحمان، دڵشاد مەحمود، ٢٠١٩، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی شاری کەرکووک(١٩٢١- ١٩٥٨) چاپخانەی سارا، سلێمانی.

عەلی، بەختیار، ٢٠١٩، ئایدۆلۆژیست، چاپی دووەم، سلێمانی.

عەلی، سارا محەمەد، ٢٠٢٢، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ یەکەم موتەسەڕیفی سلێمانی لەسەردەمی پاشایەتیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

فەیزی، گۆڕان سۆران، ٢٠١١، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی مێژووی هاوچەرخ، دەزگای بەدرخان، هەولێر.

قادر، مهدی محەمەد، ٢٠٠٩، هەولێر لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیی ١٩١٤- ١٩١٨، ئینسکۆپیدیای هەولێر، بەرگی مێژووی هاوچەرخ، هەولێر.

قادر، مهدی محەمەد، ٢٠١٣، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٩، ئەکادیمیای کوردیی، هەولێر،

قاسملۆ، عبدالرحمن، ٢٠١٢، کوردستان و کورد، وەرگێرانی: عەبدوڵای حەسەنزادە، چاپی شەشەم، هەولێر.

قانیع، مەریوان وریا، ٢٠٠٥، ناسیۆنالیزم و سەفەر، کورد لە دیاسپۆرا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

قەرەداغی، ئازا حەسیب، ٢٠١٦، بزاوتی کۆمەڵایەتیی و کێشە و ئاماژەکانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، هەولێر.

کاکە ئەمین، دارا تۆفیق، ٢٠١١، ناوچەی پشدەر لە سەردەمی پاشایەتی (١٩٢١- ١٩٥٨)، سەنتەری کۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

کەریم، توانا رەشید، ٢٠١٢، سلێمانی لە نێوان (١٩٤٥- ١٩٥٨) لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسیی و رۆشنبیری، هەولێر.

کەریم، حەلاو حسێن، ٢٠٠٩، پیشەسازی لە پارێزگای هەولێر، ئینسکۆپیدیای هەولێر، بەرگی جوگرافیا، هەولێر.

کەریم، مستەفا ساڵح، ٢٠١٥، باخێک لە وشە و گەشتێک بە ژیاننامەی پڕ شکۆی پیرەمێردا، چاپی دوەم، تاران.

م.س. لازاریف، ٢٠١٥، مێژووی کوردستان، وەرگێرانی: وشیار عەبدولا سەنگاوی، چاپی شەشەم، دەزگای رۆژهەڵات، هەولێر.

مام جەلال، ٢٠١٧، دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامائەکردنی: سەلاح رەشید، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

مجید، هەوراز جەوهەر، ٢٠١٢، شاری سلێمانی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨ – ١٧ی تەموزی ١٩٦٨)، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر،

میترۆپۆلسکی، زوبرۆیتسکی، لزکرۆڤ، ٢٠١٣، زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی، وەرگێرانی: ناصر حەقپەرست، سلێمانی.

مەکداوڵ، دیڤید، ٢٠١٩، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

نەبەز، جەمال، ٢٠٠٧، کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

نەجار، هۆشەنگ ساڵح، ٢٠١٦، بزاڤی رۆشنبیری لەشاری هەولێر (١٩٥٨-١٩٧٥)، دەزگای روسا هەولێر .

هەولێر، ئینسکلۆپیدیا، ٢٠١١، بەرگی کەسایەتی و ناودارەکان، دەزگای بەدرخان، هەولێر.

ئەسەسەرد، فەرید، ٢٠١٢، رەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی جیهانیی دوەم، سەنتەری کۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

ئەسەسەرد، فەرید، ٢٠١١، گەشەکردنی سەرمایەداری لە کوردستاندا و بنچینەی ئابووریی ی بزووتنەوەی نەتەوایەتی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٣، بەدەم رێگەوە گوڵچنین، قوتابخانەکانی رۆژنامەوانی کوردیی و سەردەمی

قەڵـەم و موراجەعـات، کتێبـی دوەم، بەرگـی دووەم، دار العربیـة للعلـوم والنـشر، بیـروت .
ئەمیـن، نەوشـیروان مسـتەفا، ٢٠١٨، بـەدەم رێگـەوە گوڵچنیـن، کـورد و کوردسـتان لـە تێگەیشـتنی راسـتیی و لغـة العـرب دا، کتێبـی دوەم، بەرگـی سـێیەم، چاپخانـەی پیـرە مێـرد، سـلێمانی.
ئەمیـن، نەوشـیروان مسـتەفا، ٢٠٠٢، ژیـان بـە تەمەنتریـن رۆژنامـەی کوردیـی ( ١٩٢٦ – ١٩٣٨) چاپخانـەی رەنـج، سـلێمانی.

**دووەم - سەرچاوە عەرەبییەکان:**

احمد، اسماعیل، ١٩٧٩، تطور الحركة الوطنية العراقية (١٩٤١- ١٩٥٢) بغداد.
احمد، كمال مظهر، ١٩٨٤، كردستان في السنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة : محمد ملا كريم، ط٢، بغداد.
ايـوب، حـارث حـازم، ٢٠٠٤، التنميـة الاجتماعيـة في العـراق المسـارات و التحديـات دراسـة اجتماعيـة تحليليـة، اطروحـة دكتـورا غيـر منشـوره، قسـم علـم الاجتـماع، جامعـة بغـداد .
بارزانی، ايوب، ١٩٨٠، بارزان و حركة الوعى القومى الكورديى، ب، ش .
البارزانی، عزيز حسن، ٢٠٠٢، الحركة القومية الكوردیية التحررية في كوردستان العرق ١٩٣٩- ١٩٤٥، هەولێر.
بارزانی، مسعود، ١٩٩٧، البارزانی و الحركة التحررية الكردية، الجزء الثانی، الطبعة الثانی، بیروت.
البلـداوی، عـادل تقـی محەمـەد، ٢٠٢٠، التكويـن الاجتماعـی للاحـزاب و الجمعيـات السياسـييه العراقيـة (١٩٠٨- ١٩٧٩)، مطبعـة الكتـاب، بغـداد.
جياوک، معروف، ١٩٥٤، مأسات برزان مضلومة، بغداد.
الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٥، م.س، الجدول رقم ١٠٥،
الخالدی، نبيل عمران موسى، ٢٠١٥، الطبقة الوسطى في العراق تحليل سوسيولوجي، دار نيبور للطباعة، بغداد.
الدوسكي، سالار عبدالكريم فندي، ٢٠٠٨، دور نواب السليمانية في المجلس النيابي العراقي، مطبعة خاني، دهۆک.
زكی، رمزی، ١٩٩٦، الليبرالية الجديدة تقول وداعا للطبقة الوسطى، مجلة عالم الفكر، السنة ٣٥، العدد ٢، اكتوبر ١٩٩٦،
سلوپي، زنار، ١٩٨٧، في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة: ر.علي، ط١، بيروت،
شريـف، عبدالسـتار طاهـر، ٢٠٠٧، الجمعيـات و المنضـمات والاحـزاب الكورديـة في نصـف القـرن (١٩٠٨- ١٩٥٨)، چاپـی دووەم، سـلێمانی.
الطالبانی، جلال، ١٩٦٩، كردستان والحركة القومية الكردية، ط١، بيروت، لوبنان.
الطالبانی، مكرم، ٢٠٠٩، مراحل التطور الحركة القومية الكوردیية، ج١، موسسة حەمدی، سليمانی.
مزيری، شعبان، ٢٠٠٩، كركوک في التاريخ، دار الضيا للطباعه والنشر، بغداد.
ثناء فؤاد عبدالله: ازمة الطبقة الوسطى في مصر، مجلة المستقبل العربی، العدد ٢٦٠، بيروت، اكتوبر ٢٠٠٠، ص٨٨
د.هويدا عدلي رومان: الطبقة الوسطى في مصر دراسة توثيقية تحليلية، القاهرة، ٢٠٠١، ص١٣ .
احمد ابو زيد: انهيار الطبقة الوسطى، مجلة العربی، العدد ٥٨٤، الكويت، تموز٢٠٠٧، ص٣٠ .
جـورج جورفتـش، دراسـات في الطبقـات الاجتماعيـة، ترجمـة: احمـد رضـا محمـد رضـا، الهيئـة المصريـة العامـة للكتـاب، القاهـرة، ١٩٦٨، ص١٦٢-١٦٣.

**چوارەم/ فارسییەکان**

علـی محمـد جـوادی: فراتحلیـل کیفـی صحبنطـران طبقـه اجتماعـی در ایـران، جامعـه شناسـی تاریخـی، دوره ۱۲، شـماره ۲ زمسـتان ۱۳۹۹، ص١٤١

د. عطـاء مقـدم فـر: طبقـه متوسـط وفرهنـگ (مطالعـه سرمایـه وسیاسـت فرهنگـی در جمهـوری اسـلامی ایـران)، انتشـارات اریابـان، تهـران، ۱۳۹۸، ص١٢٤-١٢٨

**سێیەم - ڕۆژنامەکان:**

ڕۆژنامەی ژیان، ۲۱ی کانونی یەکەمی ١٩٣٦، ژمارە، ٥٠٧، پێنجشەممە، سلێمانی.

ڕۆژنامەی ژیان، ١ی نیسانی ١٩٢٦، ژمارە ١١، پێجشەممە، سلێمانی.

ڕۆژنامەی ژیان، ی مایسی، ۱۹۲۸، ژمارە ١١٤، پێنجشممە. سلێمانی

ڕۆژنامەی ژیان، ٢٩ی مایسی ١٩٣٠، ژمارە ٢٤١، پێنجشەممە، سلێمانی.

**چوارەم - ئینتەرنێت:**

غەریـب، جبـار جـمال، ٢٠١٨، دڵـدار خرێک بە ئاسـمانی ئەدەبـەوە، ٢٠١٨/٦/١٠، بـەرواری سـەردانیکردن (٢٠٢٣/١/٢٨)، ٤٤٣٦٢٢/PM،https://www.basnews.com/so/babat٢:٣٠

سرور مـیرزا محمـود: الطبقـة الوسـطی عـماد التنميـة والازدهـار في العـراق، تتضائـل، ولكنهـا سـتنهض مجـدداً" ١٩ آب/٢٠٢٠، htm.١٣١٢٢٠_seror/١٢٢٠/٢٠٢٠_https://www.albasrah.net/ar_articles

ئەکرەم میهرداد: چینی ناوەڕاستی نوێ ،ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢٠١٧/١٢/١٥